Kurdistannet کوردستان نێت



# دەسەڵات و ترادیسیۆنی ئیسلامی

سمير سليم

مەسەلەی تێزی ئیسلامی بۆ دەسەڵات و پەیوەندی نێوان بزافی ئیسلامی و دەسـەڵات یەکێکـە لە مەسەلە ئێجگار گرنگ و گەرمەکان کە ئەمڕۆ تەرح دەکرێنە ناو گۆڕەپانەکـەوەو بوەتـە مایـەی بەرپاکردنی گفتوگۆو مشتومڕێکی زۆر لە نـاو میدیـاو نـاوەندە سیاسـیو رۆشـنبیریەکاندا، زۆربـەی لێکدانەوەکان لەسەر مەسەلەی دەسەڵات لە دیدی ئیسلامیەوە یەك روانگـەو ئاراسـتەیان گرتـە بـۆ خوێندنـەوەی ئـەو مەسـەلەیە، ئـەویش کاریگـەری کەلـەپوری ئیسـلامیە لەسـەر پێکهاتـەی بزافـی ئیسـلامی، بەشـێوەیەك ئـەو مێـژوو ترادیسـیۆنە ئامادەیـە ئـەمڕۆ لـەناو بونیـادی ئیسـلامیەکاندا حەتمیەتی بەرهەمهێنانەوەی فۆرمە مێژویەکـەی دەسـەڵات دێنێتـە ئـاراوە، واتـە بزافـی ئیسـلامی توانـای پێکـهێنانی فۆرمێکـی نوێـی نیـیە چونکـە مەرجـەعی پێکـهێنانی فۆرمـەکان دەقـەو دەقەکانبیش ناتوانرێت تێپەڕێنرێت، ئیتر جوڵانەوەی ئیسلامی لەناو بلازنە داخراوەکـانی مێـژوودا دەبزوێت، بۆ زیاتر تیشـك خسـتنە سـەر ئـەم مەسـەلەیە گرنگـە خوێندنەوەیـەك بـۆ دەسـەڵات لـە ترادیسیونی ئیسلامی بکەین بۆ دیاریکردنی مەرجەعی پێکـهێنانی فۆرمـەکانی و شـیتەڵکردنی ئـەو بـاکگراوەندەی کـە پێکهێنـەری فۆرمەکانـە هـەتاکو ئەگـەر توانـای کەڵەکـەبوو مـەخزونی بزافەکـە دەربخەین لەسەر پێکهێنانی فۆرمێکی نوێی دەسەڵات ئەمـە بێجگـە لـەوەی لێکۆڵینـەوەو گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی دەسەڵات، دیـاریکردنی رێچکـەو رێـڕەو دەروازەی دوارۆژە، چونکـە وەك وتـراوە دەسەڵات کلیلی مێژووەو مێژوویـش کلیلـی کردنـەوەی دەرگـا داخراوەکـانی سـەر عـەقڵی مرۆڤـە. عەقڵیش ئەو دەزگا کۆنترۆڵکەری مرۆڤە کە ئیـش کردنـی بـەندە لەسـەر رێـژەی زانیـاری و جـۆری وێناکردن و سیستمی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان، مرۆڤەکانیش لـە دایك بـوی دوێنێیـانن و بـەردەوام هەڵگری ئەو وێنەو سیستمانەن کە لەناویاندا پەروەردەکراون، بۆ بە گەڕخسـتنی مێژوویـەکی نـوێ بۆ هەر گەل و نەتەوەیـەك و لـە هـەر زەمـانێکدا بێت پێویسـتە سـەرەتا خوێندنەوەیـەکی ورد بـۆ مێژووی ئەو گەل و نەتەوەو ئەو کۆمەڵگایە بکرێت کـە دەویسـترێت مێژوویـەکی نوێـی بـۆ بەرهـەم بـهێنرێت، چونکـە مێـژوو لـە بۆشـاییدا بەگـەڕ نـاخرێت و لەسـەر بۆشـایش هـەڵناچنرێت، بـەڵکو پێویستی بە بونیادێکی فکری و کۆمەڵایەتی و ئـابوری بـەهیز هەیـە. واتـە مرۆڤـی نـوێ دەتوانێـت مێژووی نوێ بەگەڕ بخات، مرۆڤـی نـوێ واتـە دیدگـاو تـێڕوانین و پێکهاتـەی نـوێ، مرۆڤـە نوێکـان جەستەیەکی کۆمەلایەتی و فکری نوێی بەهێز پێك دەهێنـن کـە پایـەکانی مێـژوی نـوێ لەسـەریان دەچەسپێنرێت. جەستەی نـوێ تێپەڕێنـەری فـۆرم و پێکهاتـەو سیسـتمە رابردووەکانـە. کۆمـەڵگا موسڵمان نشینەکان لە پاش هەڵوەشـاندنی دەسـەلاتی عوسمانیـەکان و بـۆ بەگەڕخسـتنی مێـژوی نوێ بۆیان بەم لۆژیکە مامەڵە لەگەڵ مێژوەکەیاندا کـراوە، واتـە لـە روانگـەی ئێسـتای کۆمـەڵگاوە راڤەی مێژوەکەی کراوەو سەرجەم وێنەو فۆرم و روداوەکان شوێنگەیان بۆ دیاریکراوە، ئەمەش بە

مەبەستی تێپەڕاندنی ئەو وێنەو پێکهاتانەو سەرەنجام بەدبین کردنی تاکی موسڵمان بەرانبەر مێژووەکەی، بێگومان هەموو کردنەوەیەکی دەرگای نوێی مێژوو پێویستی بەخۆداچونەوەو خوێندنەویەکی رەخنەگرانەی رابردوی ئەو کۆمەڵگایە هەیە تێپەڕاندنی گشت ئەو دەزگاو ئامرازانەی هەیە کە ئەمڕۆ بەربەستن لەبەردەم گەشەی کۆمەڵگادا. تێپەڕاندنی دەزگاو ئامرازەکان تێپەڕاندنی سەرجەم ئەو باکگراوندانەیە کە ئەوانەیان پێکهێناوە، بەڵام گرنگە لێرەدا ئاماژە بە مەسەلەیەك بکەم ئەویش مەسەلەی تێپەڕاندنەو جیاکردنەوەی لە دابڕاندن، چونکە زۆرجار ئەم مەسەلەیە ئیشکالیەتێك لە زهنیەتی تاکدا دروست دەکات سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مێژوو کەلەپوری نەتەوەکەیداو لە ترسی ئەم ئیشکالیەتەش هەموو خوێندنەوەو میتۆدێکی رەخنەگرانە رەفز دەکرێت و سەرەنجام سەرەتاکانی دەست پێ کردنی مێژوی نوێ لاواز دەبن و بگرە زۆرجار هەوڵەکان دووبارەکردنەوەی ئەو فۆرمانەیە کە توانای بەرهەمهێنانیان نەماوەو کۆمەڵگ فرێیداونەتە دەرەوەی خۆی با لە کات و شوێنی خۆیدا دەسکەوتی گەورەی بۆ کۆمەڵگا بەدەست هێنابێت، پرۆسەی گواستنەوەو دوبارەکردنەوەی تیۆرو فۆرمەکان لەمەیدانێکەوە بۆ مەیدانێکی تر بەبێ پشکنین و دیاریکردنی کارەکتەرو هۆکارەکانی سەرهەڵدانیان دەبنە بەربەستی ئیبستمولوجی لە بەردەم گەیشتن بە ناوکرۆکی روداوو کارەکان و دیاریکردنی رێڕەوی دروست بۆ گەشەو بەرەو پێشچونی کۆمەڵگا[1]. چونکە ناکرێت لە هەموو حاڵەت و ساتەکاندا بەیەك شێواز بیربکەینەوەو بەهەمان زانیاری بجولێینەوە لەبەر ئەوەی هەموو زانیاری و مەفاهیم و بیرکردنەوەکان بەرهەمی دەرهاویشتە سیاسیی و فکری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیەکانی کۆمەڵگان، ئەمەش واتای نەنرخاندن و پشت گوێ خستنی بیرکردنەوەو ئەزمون و مەفاهیمی پێشینان ناگەیەنێت کە دەکاتە دابڕاندن لێی، بەڵکو پرۆسەو میتودی بیرکردنەوەو راڤەکردنیان تێدەپەڕێنین بەسودوەرگرتن لەو کەلەپورەیان لە جیاتی ئەوەی کەلەپور روبەری بیرکردنەوەو سیستمی وێناکردن و پێکهاتەی دەرونیمان داپۆشێت، پرۆسەی عەقلانی و مەفاهیمی ئێمە روبەرەکانی کەلەپور لەخۆدەگرێت، ئەوکاتە کەلەپوور لەبری ئەوەی زهنیەت و عەقڵیەتمان لە قالب بدات، خۆی دەبێتە تێکشێنەری قالبەکان و لەدەرەوەیاندا رێبازو ئامرازی چارەسەری گرفتەکان دیاری دەکات. هەر ئەمەش بوەتە هۆی گۆڕانی شێوازەکانی بەڕێوەبردنی دەسەلات لە مێژوی ئیسلامیداو سەرهەڵدانی چەندین میتودی راڤەکردنی لەیەك جیاواز لە مێژوی ئیسلامیدا، واتە بەردەوام نەوەکان توانیویانە فەرهەنگ و کەلەپوری پێش خۆیان لە خۆبگرن و فەرهەنگی نوێ بخولقێنن و لێرەوە پرۆسەی تێپەڕاندن جیاییە لە سیستمی بیرکردنەوەو وێناکردنی پێشینان و بونیادنانی سیستمێکی پەیوەندی نوێ کە تیایدا مەسەلەو چەمکەکان قورسایی و واتای نوێ پەیدا دەکەن و فۆرم و ئەزمونی نوێیان لێ پێك دێت، هەروەها تێپەڕاندنی میکانیزم و ئامرازەکان و مەفاهیم و مەنزومە فکریەکان جیایە لە تێپەڕاندنی (مبادیء) و بنەما گشتیەکان، واتە دەگونجێت لەسەر هەمان بنەما پێشینەکان مەفاهیم و مەنزومەی فکری و میکانیزم و دامەزراوەی نوێ بەرهەم بهێنرێت بۆ نمونە: بنەمای (ئیسلام بەرنامەی ژیانە) میکانیزم و مەفاهیم و مەنزومەی تایبەتیان لەسەر بونیادناوە بەڵام ئەمڕۆ هەمان بنەما مەنزومەو مەفاهیم و ئامرازی تازەی لەسەر بونیاد بنێین. ئەم پرۆسەی تێپەڕاندنە پرۆسەیەکی ئێجگار هۆرشیارانەو خودئاگایانەیە و پاش خوێندنەوەیەکی وردی ئەو کەلەپورەو ئیستعابکردنیەتی و موتربەکردنی ئەم واقعەی ئیستایە بەو

بنەمایانە نەك پێکهاتەکانی و سەرەنجام پێکهێنانی پێکهاتەی نوێیە. بەم شێوەیە ئەزمون و بەرهەمە مێژوویی‌یەکان دەبنە ئەساس بۆ هەڵچنین و بەرهەمهێنانی ئەزمون و فەرهەنگی نوێ بەبێ دووبارەکردنەوەو درێژکردنەوەیان بۆ ئێستای کۆمەڵگا.

ئیدی پرۆسەی تێپەڕاندنی پرۆسەی شیتەڵکردن و تەفکیکردنی ئەو کەلەپورەو تێکشاندنی ئەو سیستم و پێکهاتەو دیدگایانەیەو پێکهێنانەوەی سیستم و دیدگاو پێکهاتەی تازەیە بە سکێچ و ئەندازەگیری تازەوە، بۆ ئەوەی ئەم سکێچ و ئەندازانەش لە ئاست ئەرکە رۆژانەکانی و ئاستە بالاکانی ژیاندا بن، پێویستە کەرەسەو رەگەزە پێکهێنەرەکانیان هەڵگۆزراوی ئەو واقعەو لە ئاست ئەو ئەرکەدا بێت، چی لە سکێچ و ئەندازەی جوان و نایاب بکەین ئەگەر بەرگەی فشاری ئەرکەکان و پەستانی لاوەکی و دەرەکیەکانی نەبێت؟! واتە چەندە گرنگە سکێچ و ئەندازەی فۆرمەکان گرنگی پێ بدرێت گرنگتر ناوەرۆك و توانای توخمە پێکهێنەرەکانیەتی، چونکە ئەزمونی هەر کۆمەڵگایەك بریتی‌یە لە توانای بەرهەمدانی ئەو فۆرمانە، لاوازی و بەهێزی و درەوشاوەیی ئەزمونەکان بەندە بە جۆرو شێوازو تواناو تەمەنی فۆرمەکان، بەم شیوەیە مێژوی گەل و نەتەوەو کۆمەڵگاکان بێجگە لە تەمەن و بەروبومی فۆرمەکان کە نمایشی ئاشتی ژیانیان دەکات هیچی تر نی‌یە، کە لە ئەنجامی چەندین سیستم و میتۆدو ستراکتوری کۆمەلایەتی و ئابوری و فکری‌یەوە پێك هاتون. بەگۆڕان و گەشەی ستراکتۆرەکەو درێژکردنەوەو هێشتنەوەی سیستم و میتۆدوەکان دوکماتیزم سەرهەڵدەدات، هەروەك خوێندنەوەی هەر ستراکتورو فۆرم و ئەزمونێك بە سستم و میتۆدێك کە فۆرمەلەبوی ستراکتۆرێکی تر بێت پرۆسەی دیماگۆجیەتی لێ دەکەوێتەوە، ئەم گوتاری دیماگۆجیەتە لە ئەمڕۆی ئێمەدا کاریگەریەکی قوڵی هەیە لەسەر تاکی ئێمە سەبارەت بە توانای هەڵبژاردنی تاك لەسەر دیاریکردنی راستی و دروستی فۆرم و ئەزمونەکان و چونیەتی کردنەوەی دەروازەکانی دوارۆژ و دیاریکردنی ئەو پێگەو بونیادانەی کە مێژویان لێوە بەگەڕ دەخرێت و ئەزمونیان لەسەر هەڵدەچنرێت، ئەساسی سەرهەڵدانی ئەم گوتارەش دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی میتودو تیۆرێك کە لە کەش و هەواو ئاستی ژیان و کۆمەڵگایەکی تایبەتداو بەهۆی چەندین تاقیکردنەوەی لەیەك جیاوازەوە بەرهەمهاتوون بۆ خوێندنەوەو تاوتوێکردنی ئەزمون و فۆرمی کۆمەڵگایەکی ترو دیاریکردنی هۆکارو رێگاچارەی گرفتەکانی، گەورەترین کێشەی دونیای سیاسی و رۆشنبیری ئەمڕۆی ئێمە بریتی‌یە لەو هەڵە مەنهەجیەی کە نوێترین و سەرکەوتوترین تیوری رۆژئاوا دەهێنرێت و خراپترین ئەزمون و برگەی مێژوویی ئیسلامی پێدەخوێنرێتەوەو دواتر (تعمیم) دەکرێت بەسەر هەموو مێژوی ئیسلامدا یان ئامرازو دامەزراوە مێژوویی‌یەکان دەخوێننەوە (مبادیء) و بنەماکانی لێ بەرپرسیار دەکەن، ئەم هەڵە مەنهەجیە ناوەندە رۆشنبیری‌و سیاسیەکەی پێ گرفتارەو کاری سەلبی کرۆدتە سەر پێکهاتەی دیدگاو دروستکردنی قەناعەتێك لای تاك کە پێویستە ئەم کەلەپورە بخرێتە مۆزەخانەو بەدبین کردنیەتی بەرامبەر بە مێژوو ئەو قۆناغانەی کۆمەڵگاکەی تێپەڕاندووەو دواجار دەستبەرداربوونی ئەو سامانە مێژویی و مەعریفیەی کە کۆمەڵگاکەی بەدەستی هێناو تاوانبار کردنیەتی بەو شکست و نەهامەتیانەی کە ئەمڕۆ کۆمەڵگا تێی کەوتووە و هەڵتەکاندنی ئەو بونیادە مێژویی و فکری و کۆمەلایەتیە کە ئەمڕۆ کۆمەڵگای لەسەر وەستاوە و کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر خەملاندن و پێکهاتەی سایکۆلۆژی تاك و دامەزراوە کۆمەلایەتیەکان. دروست بونی ئەم دیدگاو روانگانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میتۆدەی کە

لێکۆڵینەوەی پێ دەکرێت و پێکهێنەری سیستەمە مەعریفییە سائدەکەیە، ئەویش میتۆدەکەی مارکسە کە ئەویش لە (انجلز)ەوە وەریگرتوەو کۆمەڵگەی سەرمایەداری پێ خوێندۆتەوە، مارکس لە راڤەکردنی ئەو میتۆدەو دیاریکردنی ئەرك و ئاسارەکانی بەم شێوەیە دەڵێت (ان ما يهمنا هو ان يعمل منهجنا على بيان المواقع التي يجب أن نضع فيها الاحداث التاريخية و التي يرتبط فيها الاقتصاد البرجوازي)[٢] لێرەدا هەڵە لە دیاریکردنی شوێنگەی رووداوەکانی رابردووە لە روانگەی ئەمڕۆوە ! کە دەوترێت ئەمڕۆ واتە لە روانگەی ئەو سستەمە پەیوەندیەی کە قورسایی و واتای چەمکەکانی دیاری دەکات نەك بەپێی یان لە روانگەی ئەو واتاو قورسایی‌یە کەلە سیستەمە رابردووەکەدا بویەتی، چونکە دەگونجێت چەمکەکان واتاو دەلالەت و قورساییان لەناو سیستەمە پەیوەندی‌یە لەیەك جیاوازەکاندا بگۆڕێت. ئەم جۆرە خوێندنەوانە بەپێی ئەم میتۆدە خوێندنەوەی سیاسی لایەنگرانەیە نەك لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ مێژوو رووداوەکانی وەك خۆی کە رویانداوە، ئەمە تیۆریزەکردنە بۆ کارێك کە پێویستە بکرێت نەك دۆزینەوەو دیاریکردنی راستیەکان بێت، مارکس لە برگەیەکی تردا ئەو راستیە دەدرکێنێت و دەڵێت (فاذا تحدثنا عن التطور التاريخي فانما نفعل ذلك على الجملة لنؤكد ان الشكل الأخير من المجتمع ليس الأنتيجة تطور المجتمعات السابقة التي هي عبارة عن مراحل أدت اليه. و اذن فنحن نتصورها دائماً بتحيز)[٣] ئەم تیوریە مارکس ویستویەتی ئیستای سەردەمی خۆ پێ تێپەڕێنێت نەك میتۆدێکی زانستی بێت بۆ هەموو زەمەنەکان بشێت چونکە یاساکانی ئیشکردن لەناو کایە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکان جیاوازە لە یاساکانی بواری زانستە سروشتیەکان (بیریکاری– فیزیاء) هەرچەندە ئەمانیش هەر رێژەیین. چونکە هاوشێوەبونی کۆمەڵگاکان نیشانەی وەك یەك بونی دەرەنجامەکان نییە، بۆیە جابری سەبارەت بە بەکارهێنان و پراکتیزەکردنی ئەم میتۆدە لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا وەکو (عیلم) دەڵێت: چەندین بەربەستی ئیستمولوجی دادەنێین لە نێوان خۆمان وەك لێکۆڵەر لەگەڵ بابەتی لێکۆڵینەوە کە کۆمەڵگایەو سەرەنجام مەعرفەیەکی علمی دروست بەدەست نایەت[٤]. ئەمە ئەو ئیشکالیەتەیە کە ئەمڕۆ جۆری هەڵسوکەوت و پەیوەندی ئێمە لەگەڵ مێژوو کەلەپوردا شێواندوە. لێرەدا مەبەستم ئەوە نی‌یە کە دەبێت بەناو خۆماندا گرمۆڵە بین و بچینەوە ناو قوڵایی مێژوو کەلەپورو مرۆڤی مەتحەفیمان لێ دەرچێت و جیاوازی ئێمەو پێشنینان چەندایەتی بێت نەك چۆنایەتی سەرجەم ئەو میتۆدو تیۆرو دەسکەوتانەی ئەمڕۆ کۆمەڵگای رۆژئاوایی بەرهەمی هێناون ئێمە دەست بەرداری ببین، نەخێر بەڵکو مەبەستمە بڵێم ئێمە کاتێك بەرخورد لەگەڵ ئەو میتۆدو تیورو فەلسەفانە دەکەین پێویستە رەچاوی پێکهاتەو بونیادو پێگە فکریەکانی کۆمەڵگا بکەین هەتاکو ئەساسی هەڵچنینی ئەزمون و بەگەڕخستنی مێژوی نوێ بەهێزو هەوڵ و تەلاشەکان لەم پێناوەدا سەرکەوتوین و زەمینەو کەش و هەوای سەرکەوتنیان بسازێنین، چونکە جیاوازی ژیارەکان دەبێتە هۆی جیاوازی بنەڕەتی لە پێکهاتەو بونیادی کۆمەڵگاکانەو پێکهاتەی مرۆڤەکاندا، کاریگەری نیکەتیفانەی بەکارهێنانی ئەم تیۆرەی مارکس بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگاکانی ترو پێش قۆناغی سەرمایەداری و دەرەنجامە نادروستەکانی، هەر لە سەرەتای بیستەکانەوە، واتە ماوەیەکی کەم دوای سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفیەکان جۆرج لوکاشی مەجەری کە فەیلەسوفێکی مارکسی‌یە دەستنیشانی هەڵەی بەکارهێنانی ئەم تیۆرە کردو دەڵێت (اننا ذا أخذ المادية التأريخية بوصفها منهجاً علمياً، فأنها يمكن بطبيعة الحال ان تطبق على

المراحل السابقة على الرأسمالية و قد طبقت بالفعل و كانت النتيجة تنطوي في جزء منها علـى نجـاح او على الاقل على امور مفيدة، غير ان المرء يشعر عند تطبيق المادية التأريخية على العصور السابقة للرأسمالية بصعوبة منهجية جد هامة صعوبة جوهرية لم تكـن قائمـة عنـد نقـد الراسماليـة)[٥] ئیـدی دەردەکەوێت کە خودی تیوریەکە ئامرازێکە کاریگـەرو سـەرکەوتو بـوە بەدەسـت پرۆلیتـارەوە بـۆ بەرخودان و تێکۆشان دژی ئەو سیستمەی سـەردەمی خـۆی و سەرکەوتنیشـی بەدەسـت هێنـا لـە دامەزراندنی دەولەت و دەسەلات بـۆ پرۆلیتـار بـەلام دوایـی بـەهۆی جـەخت کردنـەوە لەسـەر ئـەو میتـۆدەو پراکتـیزە کردنـی لـە سـەرجەم بوارەکـانی ژیـان و روانـین بـۆ دەوروبـەر لـە روانگەیـەوە ئەزمونەکەی شکست پێهێناو کۆتایشی هێنا بە مێژوەکەی. ئیتر کاتێك تیـورو میتودێك هۆکـارێکی سەرەکی بوبێت لە شکست و کۆتایی ئەزمون و مێژووەکەی لەناو کۆمەلگای خۆیدا دەکرێت بکرێتە ئـەو ئـامرازەی کـە بەهۆیـەوە سـەرەتاکان و بناغـەی مێژوییـەکی نوێـی پـێ دیـاری بکرێـت لــە کۆمەلگایەکی تر؟! پێم وایە گرنگترین هەنگاوێك لەم ساتەدا بۆ هەلچنینی ئـەزمونی نـوێ بریتیـیە لـە دیـاریکردنی ئـەو میتـۆدەی کـە لـە روانگەیـەوە ئەساسـەکان دەستنیشـان دەکرێـن و روداوو گۆڕانکاریـەکان شـیتەلّ دەکرێــن و سـەرەنجام سیسـتم و روانگــەکان دادەڕێژرێنــەوە بــە پێــی تایبەتمەندیەکانی ئێستای کۆمەلگاکەمان و ئاسـتی ژیـانی ئـەمرۆمان، ئیـدی پێکهاتـەی مرۆڤـەکان دەگۆڕێت و فەزایەکی نوێی کۆمەلایـەتی و فەرهـەنگی دێتـە ئـاراوە کـە د ەبنـە بناغـەو سـەرەتای دروست بۆ هەلچنینی ئەزمون و مێژوی نوێ. گرفتـی سـەرەکی مێـژوی جولانـەوەو ئەزمونـەکانمان لـەم خالـەدا بـوە، واتـە بـەبێ دەستەبەرکردنی پێداویستـیو سـەرەتاو زەمینـەو کـەش و هــەوای پێویست هەلّساوین بەراپـەڕاندنی ئـەرکی گـەورە، ئـەم هـاوجوت نەبونـەی زەمینـەو سـەر ەتـاو جولانەوەو ئەزمونەکانمان مێژوییەکی قەیراناوی و شکست ئامێزی بۆ ئێمـە خولقـاندوە، ئەمـەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی پەرچەکردارانەی زۆربەی جولانەوەو ئەزمونەکان لێرەوە مێژومان توشـی وەستان دەبێت و جولاننەوەکانیش بەهۆی هەلەکردن لە دیاریکردنی خـالّی دەسـپێکردندا نـاتوانن ئەو حالەتـە تێپـەڕێنن و جارێکی تـر ئـەمانیش دەبنـەوە توخمێکی پێکهێنـەری بونیـادو حالەتـە وەستاوەکەوە. هەر هێزو گروپێك نەتوانێت لە وێنەکانی رابردوو رزگاری ببێت ئومێدی بالاترکردنی ئاستی ژیانی ئەو کۆمەلەو گۆڕینی رەوڕەوەی مێژوی لێناکرێت هەرچـەندە بـە تـەوژم و بـەرفراوان بێت جولانەوەکەی لە سەرەتادا، چونکە دژ هاتنەوەیە لەگەلّ ڕێساو یاساکانی گۆرانی کۆمەلایـەتی کە دە بنە مایەی پێکهێنانی ئۆرگان و دامەزراوەو ئامرازو مێژوی نوێ.

چاوخشـاندن بـە گۆڕەپـانی فکـری و سیاسـیماندا –بەتایبـەت کـاتێك فکریەکـە پاشـکۆی سیاسیەکەیە– بە ئاشـکرا بـۆت دەردەکـەوێت کـە هـێزو ئایدیۆلۆجیـا لەیـەك جیاوازەکـان بـەهۆی کێبەرکێ و لەپێناو فراوانکردن و بـەهێزکردنی تـەوژمی جولـەیان هەلدەسـن بـە زیندووکردنـەوەی وێنەو سیستمە گوزەراوەکان، راستە لە روی سیاسیەوە موراعاتی خەیالگەی کۆمەلایـەتی خـەلکی گرنگە لە کاتی تەرح کردنی هەر تێزێکدا، بەلام گرفتەکە لێرەدایە کاتێك تێزەکـان خۆیـان تەبـەنی خەیالگەی کۆمەلایـەتی خـەلکی بکـەن و فەرهـەنگی بـاوی کۆمـەلگا مەرجـەعی بزوانـدن و جولـەی هێزەکان بێت، نازانم چ هیوایەك بەو سیاسیو سیاسیەتانە بکرێت کـە بونیـادو مەرجـەعیان هەلـە بێت ئیتر لەهەر رەهەندێکەوە بێت؟ ئەگەر لە کۆمەلگاکانی تر فشارو مەترسی هێزە دەرەکیەکیان بـەرچاو روانگـەی هـێزە لوکالـەکان لێـلّ بکـەن بـە مەبەسـتی لـەباربردن و سەرلێشـێواندنیان لــە

دیاریکردنی پێگەو خاڵی سەرەتا بۆ گەلاڵە کردنی هەر پرۆژەیەك کە ئەزمونێکی لێ بکەوێتەوەو رەوتی مێژوی ئەو کۆمەڵگایە بگۆڕێت[٦]، ئەوا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هێزو گروپە ناوخۆیەکان سەر لەیکتر دەشێوێنن و هەلەکان لەدەست دەدەن و سەرەنجام پرۆژەو ئەزمونەکان لەبار دەبەن. لێر ەوە کاریگەری مێژوو لەسەر دەسەلأت دەردەکەوێت کە دوا ئاسەواری سەلبی دەبێت لەسەر ئەو مێژوەی کە ئەو دەسەلأتە د ەیخولقێنێ، دەسەلأت ئەو ئەلْقەیەیە کە بڕگە مێژوییەکانی لەیەکتر جیاکردۆتەوەو بۆی پۆلێن کردوین و ئەزمونەکانی پێناسندوین کاتێك دەسەلأت ئەم رۆڵە گرنگە ببینێت لە واقعی ژیانی خەڵکیداو سەرجەم بوارەکانی ژیانی پێوە بەسرابێت، ئەوا لێکۆڵینەوە لەسەر قوناغەکانی گەشەکردنی و دوایەمین ئاستی گەشەو چۆنیەتی و شێوازی پێکهێنان و فۆرمەلەبونی و دیاریکردنی بناغەو کەرەسەو سەرەتاکانی دروست بونی سیمای ئەو مێژوو ئەزمون و جۆری دەسەلأتەمان پێدەدات کە کۆمەڵگەکەمان روبەڕوی دەبێتەوە، بەتایبەت کاتێك لەناو گۆڕەپانی سیاسیدا چەندین تێز بۆ پێکهێنان و بەڕێوەبردنی دەسەلأت ببێت، پشکنین و هەڵسەنگاندنی پێکهاتەو پێکهێنانی پرۆژەکان ئاراستەی گەشەی کۆمەلأیەتی و رادەی سەرکەوتنی ئەزمونەکەو جۆری بەڕێوەبردنی دەسەلأت و راستگۆیی هەلگرانی ئەو پرۆژەیەمان بۆ دەستنیشان دەکات و وەلأمی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە کە بۆچی دەوڵەت و دەسەلأت لە ئەورپادا گەشەی کرد لە دەوڵەتی (ئەمیر، پاشا، ئیمپراتۆر) بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ کە دەوڵەتی یاساو ئۆرگانەکانە، بەلأم لە کۆمەڵگای رۆهەلأتیدا بەتایبەت کۆمەڵگا ئیسلامیەکان –کە کۆمەڵی کوردەواری بەشێکە لە کۆمەڵگەی ئیسلامی– دەوڵەت و دەسەلأت ئەم گۆڕانکاریەی بەخۆوە نەبینی؟ پاشتر بۆچی ئەو هەولأنەی کە لە مێژووی هاوچەرخدا دراون بەمەبەستی گەشەپێدانی دەسەلات و گواستنەوەی ئەزمونی دەوڵەتی هاوچەرخی رۆژئاوا بۆ کۆمەڵگە موسڵمان نشینەکان شکستیان خوارد؟ ئایا بزافی ئیسلامی کە ئێستا وەکو هێزێکی سیاسی و کۆمەلایەتی لەناو کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا دەبزوێت و بانگەشەی دەوڵەت و دەسەلاتی ئیسلامی دەکات چ جۆرە روانینێکیان بۆ دەسەلأت هەیە؟ و کام لە پرۆژەکان هەلْقولأوی هەناوی کۆمەڵگاکانیانن؟ واتە کۆمەڵگاکان چ جۆر ە دەسەلأتێکیان دەوێت؟ چونکە کۆمەڵگا بەپێی ئەو گۆڕانگاریەی کە لە پەیوەندیەیە ناوخۆیی و دەرەکیەکانیدا روودەدات، ئەلْقە بەندی و سیستمی پەیوەندی دەگۆڕێت و بەریەککەوتی نوێی مرۆڤەکان دروست دەبێت و لە ئاکامدا فەزا تازە کۆمەلایەتیەکە سکێچێکی نوێی پەویەندیەیە کۆمەلأیەتیو ئیدارەیەکان دەخوازێت بۆ رێکخستنی کاروبارەکانی بەپێی ئەو گەشە خۆڕسکەی کۆمەڵگاوەز ئەگەر پرۆژەکانی دەسەلأت کە بناوانێگکی فکری هەیە گونجاو نەبێت لەگەڵ سیستمی کۆمەلایەتی و مەنزومە فکری و مەفاهیمیەکەی کۆمەڵگادا، ئەوا کۆمەڵگا هەلْوێستی رەفزکارانەی لە بەرانبەر ئەو جۆرە تێزو پرۆژە دەگرێت دەرەنجامی سەلبی دەبێت. ئایین ئەو رەگەزە کاریگەرەیە کە رۆڵێکی گەورە دەبینێت لە بزواندن و سنوردارکردنی سلوکی تاکەکانی ناو کۆمەڵگاو رێکخستنی بەریەککەکەوتی مرۆڤەکان، لێرەوە رۆڵی ئایین لە پێکهێنان و فۆرمەلەوبونی دەسەلأتدا دەردەکەوێت ئیتر لە هەر گۆشەنیگایەکەوە سەیری بکەیت، واتە کاتێك دەوترێت (ئیسلام دین و دەوڵەتە) کە راستەوخۆ پێکهێنانی دەوڵەت و دەسەلأت دەسپێررێت بە ئیسلام بەو پێیەی کە ئیسلام ئاینی زۆربنە کۆمەڵگای ئێمەیە، یان کاتێك دەوترێت ئایین پەیوەندی ویژدانی نێوان مرۆڤ و خودایە، لەم حاڵەتەشدا ئایین رۆڵێکی سەرکی دەبینێت لە پێکهاتەو پێکهێنانی

دەسەڵاتدا ئەویش لەو روانگەی کە ئایین لەم بارەشدا کاریگەری قوڵی دەبێت لە دیدگاو بیرکردنەوەو سلوکی تاکەکاندا و لە ئاکامدا پەیوەندی و بەریەککەوتنی مرۆڤەکان رێك دەخات و فەزایەکی کۆمەڵایەتی تایبەتی لێدەکەوێتەوە کە دەبێتە مایەی دروست بونی ئامرازو میکانزیم و ئۆرگانی بارگاوی بە (مبادیء) بنەما ئاینیەکان، ئیتر مرۆڤەکان و دامەزراوەکان لەبەر تیشکی رێنومایەکانی ئایندا کاردەکەن، بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ئیسلام پێکهێنەری سیستم و روانگەو مەنزومە ناوەکیەکانی کۆمەڵگەمانەو رۆڵێکی بنەرەتی و سەرەکی دەبینێت لە رێکسخستنی کارلێکە ناوخۆیەکانی ناو کۆمەڵگاکەمان، کە دەبێتە هۆی دروست بونی هەست بەخۆکردن و هۆشمەندی و سەرهەڵدانی جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی، هەر پرۆژەو تێزێك بۆ ئاراستەکردن و شێوەگرتنی جولانەوەکە دژ بێتەوە لەگەل ئاینی کۆمەڵگا –کە بزوێنەرو هۆکاری سەرەکی جوڵانەوەکەن– یان لە ئاینی کۆمەڵگاوە سەرچاوەی نەگرتبێت ئەوا کایە کۆمەلایەتیەکە فرێی دەداتە دەرەوەی خۆی، ئەگەر بووترێت کۆمەڵگای رۆژئاوایی فۆرمێکی دەسەڵاتی وەرگرت دژ بە ئاینەکەشی بوو، بەڵام تاکی رۆژئاوایی بەهۆی ئەو چەوسانەوەو گرفتانەی توشی هاتبوو بەدەست دەزگای ئاینیەوە (کلێسا) دەست بەرداری ئەو ئاینە بوبو وە ئاینەکەشی ئەو کاریگەریەی نەمابوو لەناو کایە کۆمەڵایەتیەکەدا، ئەمە بێجگە لە ماهیەتی ئەو ئاینەی کە بە کۆمەڵگای رۆژئاوایی گەیشت کە ئاینێکی شێواو بوو[٧]، هەروەها پەرینەوەی ئایین لە رێگەی دەسەڵاتەوە بوو، واتە ئایین کرابو بە ئامرازی ژێربارخستنی گەلانی رۆژئاوا لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەم تێکەڵاوکردن و پاشتر جیابونەوەی دامەزراوەکانی دەسەڵات و ئایین ئازارو ناڕەحەتی زۆری هێنا بە سەر کۆمەڵگای رۆژئاواییدا بواری بۆ بەرجەستەکردن و شێوە گرتنێکی دروستی کایە کۆمەڵایەتیەکە نەڕەخساند لە روانگەی رێنوماییەکانی ئاین بەهۆی ستەمی دەسەڵات و کلێسا و شێواوی مەفاهیمە ئاینیەکان، ئیتر لەبری ئەوەی کایە کۆمەڵایەتیەکە بارگاوی بێت بە رێنوماییە ئاینیەکان بەڵکو رێنوماییە ئاینیەکان بارگاوی بون بە بەها کۆمەڵایەتیەکان و دواتر لێك ترازاندن لەنێو دەزگا ئاینەیکەدا سەری هەڵداو پاشان دابەشبونی کۆمەڵایەتی رویدا لەناو کۆمەڵگادا، هەموو ئەمانە لە کارایی ئایینی مەسیحیان کەمکردەوەو لە رێکخستنی کارلێکە ناوخۆیەکانی کۆمەڵگاو بەریەککەوتنی مرۆڤەکان، واتە بەهاو مەفاهیمە ئاینیەکان نەبوبونە بەشێك لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی رۆژانەی خەڵکیو بەمجۆرە پێکهاتەو کایە کۆمەڵایەتیەکە سازو ئامادەبوو بۆ هەر فۆرمێك کە لەو قەیرانە تێپەرێنێت و رزگاری بکات. لە رێگەی کایە کۆمەلایەتیەکانەوە ئایین دەچێتە هەناوی دەسەلاتەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا چونکە وەك بەختیار عەلی دەڵێت ئیسلام پێکهێنەری کلتوری ناوەکی ئێمەیە[٨]. بەڵام ئەوەی کە ئیسلام ئەو رۆڵە سەرەکیەی هەیە لە پێکهێنانی بونیادی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا نیشانەی ئەوە نیە کە هە رتێزو پرۆژەیەك لە ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتبێت یان لە پێکهێنان و فۆرمەلەبوندا موراعاتی بەها ئاینیەکانی کردبێت ئەوا توانای جێکردنەوەیان کارکردنە سەر کایە کۆمەڵایەتیەکەی هەیە، نەخێر تێزێك دەتوانێت کارایی هەبێت کە ئاستی ژیان و گەشەی گۆمەڵگا بەرەو بالاتر بەریت، هەر تەرحێك گەرانەوەی کۆمەڵگا بۆ ئاستە نزمەکانی ژیان بەدوای خۆیدا بێنێت، کۆمەڵگا لەخۆی ناگرێت با رەهەندێکی ئاینی وەرگرتبێت یان ئاینی کردبێتە دەمامك. لەم سۆنگەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەوڵەکانی گۆڕینی دەسەلات و پرۆژە و ئەزمونی هێزە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی کۆمەڵگەی ئێمە بۆچی

شکستیان هێناوە؟ چونکە روئیاکان بۆ کارلێکە ناوخۆیی و پێکهاتەی کایە کۆمەلایەتیەکەی کۆمەلگاکەمان رۆشن نەبون و خوێندنەوەکان بۆ روداو گۆڕانکاریەکان لەجێی خۆیدا نەبوەو زۆربەی پرۆژەکانی دەسەلات ئاینی و علمانی هۆکارێك بوون بۆ لاوازکردنی گەشەی کۆمەلگاو هەندێکیشیان کاریان لەسەر گۆڕینی ئاراستەی گەشەی کۆمەلگا کردووە، کاتێك پرۆژەکانی دەسەلات و دەولەت بەم چەشنە کاریان کردبێت ئیتر چ جۆرە گۆڕانێك بەسەر دەسەلاتدا دێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە پرۆژەکان هەمویان لاواز بوبن، بەلکو هەندێك جار بونیادی کۆمەلگا لە ئاستێکی لاوازدا بوەو پرۆژەکە لە ئاستێکی بالا، ئەم وەك یەك نەبونە بوەتە مایەی شکستی پرۆژەکە، واتە پرۆسەی فۆرمەلبون و پێکەوەنانی پرۆژەکان لە ئەنجامی چەند قۆناغێکی تاقیکاریانەدا نەبوە کە لە بەرەنجامی ئامادەگی کۆمەلگاوە هاتبێتە بون، بەلکو گواستنەوەی ئەزمون و فۆرمێکی تر بوە کە بەهۆی ئامادەگی و دەرهاویشتە فکری و کۆمەلایەتیەکانی کۆمەلگایەکی ترو لە ئاستێکی جیاوازتردا بوە.

## میسۆلوجیای دەسەلات

هیچ مەسەلەیەك لە مێژوودا ئەوەندەی دەسەلات رەهەندی ئەفسانەیی وەرنەگرتوەو بەردەوام مرۆڤایەتی گرفتار کردوە بە چۆنیەتیو چیەتی و شێوازەکانی ئالوگۆڕو بەڕێوەبردنیەوەو. دەگونجێت ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ بونیادو پێکهاتەو ئەرك و مەبەست لە دەسەلات کە بە پێی شوێنگەو قۆناغ و کۆمەلگەو ئاستی ژیان گۆڕانیان بەسەردا دێت، کاتێك پرسی دەسەلات لە کۆمەلگایەکدا هەلومەرجی پیادەکردنی دابین دەکرێت و دواتر بەهۆی لەبارچونی هەلومەرجەکە لە هەمان کۆمەلگادا یان نەسازانی هەمان هەلومەرج هو بونیاد لە کۆمەلگایەکی تردا ئەوا لێکدانەوەکان بۆ ئەو دەسەلاتە پیادە بوە لە دەرەوەی بازنەکانی توانای مرۆڤی ئەو کۆمەلگایەو لەوساتەدا دەکرێن و رەهەندێکی (بان مرۆڤیان) پێدەدرێت و ئیتر لێکدانەوەکە شێوازێکی ئەفسانەیی لەخۆوە دەگرێت. دیارە سروشتی دەسەلات رۆلێکی گەورە دەبینێ لە دیاریکردنی ئامرازو میکانیزم و دام و دەزگاکانی بەڕێوەبردن و شێوازی پیادەکردنی لە واقعی کۆمەلایەتیدا، وە سروشتی دەسەلاتیش بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەستە بە پێکهاتەی کۆمەلگاو بونیادە کۆمەلایەتیو فکری و ئابوری و سایکۆلۆژیەکەی، ئەمانەش بەپێی قۆناغ و شوێنە لە یەك جیاوازەکان دەگۆڕێن و ئیتر پراکتیزەکردنی یەك شێوازو فۆرمی دەسەلات لە چەند کۆمەلگایەکی لەیەك جیاوازدا کارێکی زۆر گران و نیمچە موستەحیلە، ئەوکات مرۆڤەکانی ئەم جۆرە کۆمەلگایانە تەفسیری بێ توانایی خۆیان لەم پیادەکردنەی ئەو شێوە فۆرمە دەسەلاتی هاوچەشن بە دەسەلاتی کۆمەلگاکانی تر بە شێوەیەکی تۆباویانە لێکدەدەنەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی خێرا چاوێك بە مێژوویی گەشەی کۆمەلگای مرۆڤایەتیدا بخشێنین دەردەکەوێت کە مرۆڤایەتی بەپێی ئاستی ژیانیان شێوازێك و فۆرمێك لە دەسەلاتیان بۆ خۆیان داهێناوە، قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بەهۆی جۆری پەیوەندی و فەزای کۆمەلایەتی مرۆڤەکان لە ئاکامی باری گوزەران و پەیوەندی مرۆڤەکان بە ژینگەکەیانەوە بۆ دەستەبەرکردنی بژێویان دروست بوە، سروشتی دەسەلات پشت بەستو دەبێت بە هێزو توانا زاتیەکانی مرۆڤ و لەناو مرۆڤەکانیشدا جەخت لەسەر پێکهاتەی بایولوجی و فسیولوجیان دەکرێت و دەبێتە مایەی دروست بونی سروشتی قارەمانیەتی

لە دەسەلآتداو بەم شێوەیە پاڵەوانەکان جڵەوی دەسەلآت لە دەست دەگرن، پاشان بەهۆی کاریگەری ڕێنومایەکانی ئاینە ئاسمانیەکان کە پەیتاپەیتا دادەبەزینە سەر مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگاو ساتە لە یەك جیاوازەکان و گۆڕینی دیموگرافیاو جۆری پەیوەندی مرۆڤەکان بە ژینگەکەیان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان فەزایەکی کۆمەلایەتی تازەی هێنایە ئاراوە کە پاڵەوانیەتی مرۆڤەکانی بەستەوە بە قورسایی و ڕوبەرو پانتایی ئەو سیستمە کۆمەلایەتیەی تیایدا دەژی و دەجولێنێت، ئیتر لێرەوە خێل و خانەوادە بایەخ پەیدا دەکات و دەسەلآت سروشتێکی خێڵەکیانە پەیدا دەکات و ئتی رخانەوادەو خێڵەکان لە پێناو زیاتر چەسپاندنی دەسەلآتیان و هێشتنەوەی بۆ درێژەترین ماوە دەکەونە چەندین لێکدانەوەی ئەفسانەییانە بۆ رەچەڵەك و پێکهاتەیان و تایبەتکردنی مەبەست لە دروستکردنیان لەلایەن خوداوەندەوە بۆ دەسەلآتدارێتی، لێرەوە دەسەلآت تێهەڵکێش دەکرێت بە رەهەندێکی ئاینییەوە، چونکە ئامادەبونی خودا لە ناو پێکهاتەو هاوکێشەی دەسەلآتدا پێویست بە گرێدانەوەی دەسەلآت دەکات بەخوداوەو لە رێگەی رایەڵەکانی پەیوەندی کردنەوە کە ئەویش ئاینە، ئیتر رۆڵ و کاریگەری ئایین لەناو کایە کۆمەلایەتیەکەیدا پەیدا دەبێت و دەسەلآتیش بەردەوام پەنا دەباتە بەر رەهەندە میتافیزیفیەکەی ئایین لە پێناوو قۆرخکردنی دەسەلآت لە خانەوادە پیرۆزەکاندا و مەحروم کردنی مرۆڤەکانی دی لە رێکخستنی ژیانیان و دیاریکردن شێوازی ئیدارەکردنی کاروبارەکانیان، گرفتی ئایین لە مێژوودا بریتی بوە لە جۆری هەڵسوکەوت و مەبەستی پەیوەندی و وەرگرتنی لەلایەن هەڵگران و شوێنکەوتوانیەوە، چونکە لە روانگەیەوە شوێنگەی مرۆڤەکان دیارکراوە و کۆمەڵگای پێ پۆلێنکراوە لە لایەن بیریارو فەیلەسوفانەوە کەسێکی وەك ئەفلاتون لە کتێبی (المدینة الفاضلة) لەسەر ئەم ئەساسە کۆمەڵگا پۆلێن دەکات و سروشت و شێوازی دەسەلآت دیاری دەکات. پاشتر ئاکامی ئەو گۆڕانکاریانەی لە بونیادی کۆمەڵگادا روودەدات و هێدی هێدی گەشەی کۆمەڵگا بەرەو ئاستە بالآکانی ژیان دەڕوات و ئەڵقەکانی دەسەلات دەپسێنن و بازنەکانی دەسەلات فراوان دەبن و هاوکێشەی دەسەلآت ئالۆگۆڕ لە رەگەزە پێکهێنەرەکانیدا روودەدات، دەبێتە مایەی گۆڕینی سروشت و ماهیەتی دەسەلآت پێویستە لێرەدا پاش ئەم سەربوردە خێرایە ئیستێك بکەین لەسەر چەمکی دەسەلآت و مەرجەعە دیاریکەرەکەی دەستنیشان بکەین، چونکە هەموو کۆمەڵگایەك لە روانگەی فۆرمی دەسەلآتەوە دێتە ئاسۆی بینین و وێنای دەکرێت و هۆکارە جیاکەرەوەکان و سنوردارەکانی سروشت و ماهیەتی دیاری دەکرێن دیارە دەسەلآت مومارەسەکردنی سیاسەتە و سیاسەتیش کردارێکی مرۆڤانەیە، وە هەموو کردارێکی مرۆڤیش دەرکەوتەو (محدات)ی خۆی هەیە، دەرکەوتەکانی دەسەلآتیش بریتی‌یە لە دیاردەو میکانیزم و شێوازو ئامرازەکانی دەسەلآت، بەلآم سنوردارکەرەکان (محددات) بریتی‌یە لە پاڵنەرە ناوەکیەکانی مرۆڤ سایکۆلۆژی بن یان هەستی و ناهەستیەکان لەگەڵ هۆکارە کاریگەرە دەرەکیەکان[٩].

لەم روانگەوە دەردەکەوێت سروشتی دەسەلآت پەیوەستە بە پاڵنەرە ناوەکیەکانی مرۆڤ ئەوانیش لە ژێر کاریگەری هۆکارە دەرەکیەکاندا فۆرمەلە دەبن و دەبزوێن. پاڵنەرە ناوەکیەکانی مرۆڤیش لە روانگەی مەنزومەی بەهایی کۆمەڵگاوە دەبزوێن و ئاراستە دەکرێن، مەنزومەی بەهایش (قیم) لە رێگەی چەندین کارلێکی ناوخۆی بەردەوامی کۆمەڵگاکانەوە لە ژێر کاریگەری کایە کۆمەلایەتی‌و مەفاهیمە ئاینیەکانەوە پێك هاتوە، هەموو ئەمانەش (لاشعوری کۆمەڵی) مرۆڤەکان

پێك دێنن و ئەم نەستە کۆمەڵەش دەبێتە مەرجەعی دەسەلات و سروشت و ماهیەتی دیاری دەکات.

دوبریی دەڵێت (هەروەك هەست ناوەرۆکی ژیانی دەرونی تاك پێك ناهێنێت، بەهەمان چەشن دامەزراوەو وێنا سیاسیەکان ناوەرۆکی ژیانی سیاسی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان دروست ناکات، چونکە ئەوە هوشیاری و هۆشمەندی خەڵك نییە بونی سیاسیان دیاری دەکات، بەڵکو وجودە کۆمەڵایەتیەکانیان هوشیاریان سنوردارو دیاری دەکات و ئەویش لە ژێر رکێفی مەنزومەیەکی لۆژیکییە لە پەیوەندییە مادیە زاڵەکان، وە ئەم مەنزومە لوژیکیەش لەناو پێکهاتەی دامەزراوە یاسایی و فەلسەفیە لە یەك جیاوازەکاندا ئامادەو کاریگەرە، چونکە مرۆڤەکان بەرهەمی ئەو سیستمە پەیوەندیەن کە پەیوەندی کۆمەڵایەتیەکان دیاری دەکات، بەهەمان شێوە کۆمەڵگا لە یەکجیاوازەکان (نەست) لە یەکجیاوازیان هەیە کە پەیوەستە بە شکلی پەیوەندییە لە یەکجیاوازەکانەوە بەدەر لە سروشتی سایکۆلۆژی و توباوی و روحی مرۆڤەکان[١٠] دوبری لێرەدا ئاماژە بەوە دەدات کە ئەوەی دیاردە سیاسیەکان پێکدەهێنێت و دروست دەکات بریتییە لەو پەیوەندی کۆمەڵایەتیانەی (وەك پەیوندییە خێڵەکی و مەزهەبی و حزبییەکان) کە فشارێکی مادی لەسەر مرۆڤەکان دروست دەکات، لەگەڵ گۆڕانی کەش و هەواو ئامرازو دام و دەزگاکانی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا، ئەمانە ئاسار لە پێکهاتەی ناوەکی مرۆڤەکان جێدەهێڵن و لە ژێر کاریگەری ئەو (نەست) و عەقڵیەتەدا مامەڵەو هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو ئامرازو دەزگایانەدا دەکرێت، بۆیە گرفتی سەرەکی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێمە لە ئامرازو دامەزراوەکانی دەسەلاتدا نییەو لە مێژوشدا گرفتەکە لەو دەزگایانەدا نەبووە، بەڵکو گرفتەکە لەو عەقڵەدایە کە ئەو دەزگایانە هەڵدەسوڕێنێ و بەکاردەهێنێ. عەقڵی مرۆڤیش مەرجەعەکەی ئەو نەستەیە کە کە پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکە لە رێگەی چەندین وێنەو سیستمی رابردووەوە پێکی هێناوە کاتێك پێکهاتەی ئامرازو دامەزراوەکانی دەسەلات هاوشێوەی پێکهاتەی کۆمەلایەتی کۆمەڵگا نەبێت ئەوا دژ هاتنەوەو لە خۆنەگرتن و فرێدانەوەی ئەو دەزگایانەدا روودەدات لە لایەن کۆمەڵگاوەو لە ئاکامدا دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی توندوتیژی واتە توندوتیژی مۆرکی ئایدیولۆجیاو مەزهەبێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو بەرهەمی هاویەك نەهاتنەوەی گەشەی کۆمەڵگاو دەزگاکانی دەوڵەتە، بۆ گەشەدان بە ئاستی کۆمەڵگا پێویستە لە کلیلی تایبەت بە خۆی بێت، چونکە هەر کۆمەڵگایەی پێکهاتەی تایبەت بەخۆی هەیەو بە ئوسلوبی تایبەت دەکرێنەوە بەروی دەرەوەی خۆیاندا، هەندێك کۆمەڵگا رەگەزەکانی کۆمەلایەتی و ئاینی و سیاسی و ئابوری ئاوێتەی یەك بون، بۆ گەشەدان بەو جۆرە کۆمەڵگایانە وەکو کۆمەڵگای رۆژهەلاتی پێویستە رەگەزی سەرەکی دیاری بکەین کە بووەتە هۆی پێکهێنان و فۆرمەلە بوونی رەگەزەکانی تر ئەوکاتە ئەو رەگەزە دەبێتە کلیلی کردنەوەو کرانەوەی ئەو کۆمەڵگایە، دیارە کۆمەڵگای رۆژهەلاتیش ئایین رەگەزی پێکهێنەری ناوەندی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و ئابوریەتی بۆیە بۆ گەشەدان بە کۆمەڵگای رۆژهەلاتی دەبێت ئیش لەسەر رەگەزی ئایین بکرێت و سیستمە ئاینیەکە گۆڕانی بەسەردا بێت ئەوکاتە رەگەزەکانی تری کۆمەڵگاش بەرەو گۆڕان دەچن و حاڵەتێکی تازەی کۆمەڵایەتی پێك دێت و ئامرازو دەزگای نوێ بەرهەم دەهێنێت. هەر تێزێك ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا تەرح بکرێت و کاری لەسەر سیستم و دیدگا ئیسلامیەکە نەکردبێت و لە ئاستی ژیانی ئەمڕۆی کۆمەڵگادا داینەڕشتبێتەوەو گەشەی

پێنەدابێت و لەسەر وێنەو فۆرمە کۆنەکان بجولێت، پێم وا نییە بتوانێت ئاستی ژیانی کۆمەلگا بەهەموو دیاردەو دەرکەوتەکانیەوە بەرەو ئاستێکی بالاتر بەرن و ئەزمون و مێژووی نوێ بۆ کۆمەڵەکەیان هەڵبچنن، وە ئەگەر تێزێکیش خودی ئاینی تێپەڕاندبێت لە پێکهاتەیدا ئەوا بێگومان نەك ناتوانێت ئەزمونی نوێ پێکەوە بنێ بەڵکو مەترسییەکی گەورەش دەبێت لە ئەزمونە سائدەکەش، لێرەوە کۆمکەڵگای رۆژئاوایی کاتێك مارتن لوپر لەناو کایە ئایینەکەدا کاردەکات و داهێنانێك ئەنجام دەدات، چونکە وەك وتم کایە ئاینیەکە سازو ئامادە بوو بۆ گۆڕان، ئیدی کۆمەلگا گۆران و بەرەو پێشچونێکی ئێجگار فراوانی بەخۆوە بینی و چەندین قۆناغی گەشەی تێپەڕاند. بەم شێوەیە دەردەکەوێت ئایینەکان پێکهێنەری خەیالگەی کۆمەلایەتی خەڵکین، دەسکاری کردن و گۆڕینی خەیالگەی خەڵکی تەنها لە رێگەی کایەو بونیادە ئانیەکەیەوە دەبێت، راستە دەگونجێت هەندێك جارو لە هەندێك شوێندا ئەم بونیادە مایەی داخران و دواکەوتنی ئەو کۆمەلگایە بێت، بەلام پێشکەوتن و کرانەوەی کۆمەلگا تەنها بە ئیشکردن دەبێت لەسەر گۆڕینی ئەو بونیادە نەك تێپەڕاندنی، گرفتی تێزی علمانی لە کۆمەلگای ئێمەدا لەوەدایە کە دەیەوێت خودی ئایین تێپەڕێنێت و هەموو ئەو پەیکەرە ئەخلاقی و سیستمە بەهایی و دامەزراوانەی ئایین پێکهێنەریانە لە کۆمەلگا رایانماڵێت کە ئەمەش دەکاتە سڕینەوەی کەسایەتی مرۆڤەکان راستە مرۆڤەکان بەدەست دەسەڵاتی رابردووەوە ئازارو ناسۆری زۆریان چەشت و خوازیاری رزوگاربونن لەو ئازارانە لە رێگەی گۆڕینی فۆرمی دەسەلاتەوە، بەلام ئەم ئامادەبونە بۆ گۆڕان و رزگاری و قوربانی ناکاتە رازی بوون بە موساوەمەکردن لەسەر ناسنامەو کەینونەو بون، لێرەوە هەڵەی حساباتی هێزە علمانیەکان دەردەکەوێ لە دەستنیشانکردنی جۆرو ماهیەت و ئاراستەی نارەزایەتی جەماوەر بەرانبەر بە دەسەلات و ئامادەییان بۆ گۆڕان، ئیتر پرۆژەی دەسەلات و ئەزمونی علمانیەت لە کۆمەلگەی ئیسلامیدا تووشی قەیرانێکی سەخت دەبێت و ئەزمونەکە شکست دەخوات و مێژوویەکی خوێناوی تێهەلکێش بە ستەم و موساوەمەکردن لەسەر پرسە نیشتمانیو نەتەوەیی چارەنوسسازەکان تۆمار دەکات. ئەم حاڵەتە تازەیەش دەبێتە مایەی سەرلەنوێ هاتنەوە مەیدانی هەندێك فۆرم و تێز کە کۆمەلگا لە ئاستە نزم و رابردووەکانی ژیانیدا بەپێی دەرهاویشتە تایبەتەکانی سەردەمی خۆیان بەرهەمی هێناون لێرەوە هوشیاری خەلکی رەهەندە ئەفسانەییەکانی بالی بەسەردا دەکێشن، چونکە ئەفسانە بریتی لە وێناکردنی شتێك بەدەر لە واقعی خۆی، هاتنە مەیدانی تێزو فۆرمە کۆنەکان سەبارەت بە دەسەلات، وێناکردنی دەسەلاتە لە لایەن خەلکییەوە بەدەر لە واقعی ئێستایان ئیتر ئەگەر لە برادوودا تارایەکی ئەفسانەیی ئەدرا بەسەر دەسەلاتدا لە پێناو هێشتنەوەی لەدەست نوخبەیەکدا، بەلام ئێستا تارا ئەفسانەییەکە بەسەر عەقل و بیرکردنەوەو هوشیاری خەلکییەوەیە کە بەهەمان شێوە دەسەلات دەهێلێتەوە بەدەست نوخبەی دیاریکراوە، لێرەوە سەرلەنوێ ئەفسانە خۆی دەخزێنێتە ناو کایەو مەوداکانی دەسەلات، واتە جەماوەری ئێستا جەماوەری ئەفسانەیەو خەیالگەو نەستی کۆمەلایەتیان پێکهاتووە لە سیستمی وێناکردن و پەیوەندی تایبەت کە چەمك و مەسەلەکان دەلالەت و واتای تایبەتیان بوە لە ساتی خۆیانداو لە روانگەیانەوە ئەلقەبەندی و سلوك و پەیوەندی کۆمەلایەتی پێك نراوە، کە بەهۆیانەوە عەقلیەت و دامەزراوەکان پێك دێن. کەواتە بۆ گۆڕینی عەقلیەت و دامەزراوەکانی دەسەلات گرنگە خالی دەستپێکردن دەشتنشان بکەین و قۆناغ

بە قۆناغ بازنەکانی گۆران فراوان بکەین. لە کۆی راڤەو بۆچونەکانەوە بۆمان دەرکەوت خەیالگەو نەستی کۆمەلایەتی خالی سەرتاو بنەرەتی پێکهێنانی سلوك و پەیوەندی و عەقلیەت و دامەزراوەکانە، واتە هەنگاوی یەکەمی ئیش کردن لەهەر پرۆسەیەکی گۆرانی دەسەلاتدا ئەگەر بویسترێت جۆرو ماهیەتی دەسەلات بگۆردرێت پێویستە کار لەسەر نەست و خەیالگەی کۆمەلایەتی خەلك بکرێت، کارکردن لەسەر نەست خەیالگەی خەلکی کارکردنە لەسەر سیتمی وێناکردن و پەیوەندی ئەو کۆمەلگایە، بۆ ئەمەش پێویستمان بە دراسەکردن و لێتوێژینەوەی مێژوو قۆناغەکانی گەشەی ئەو کۆمەلگایە هەیە هەتا دوایەمین ئاستی کە ئێمە کاری لەسەر دەکەین، چونکە زانینی ئەم درامای ژیانی کۆمەلگایە تەراکومات و شێوازی دروست بون و شێوەگرتنی ئەو خەیالگە وکاراکتەرە کاریگەرەکانی سەر ئەو کارلێکانەی کە ئەو پرۆسەی دروست بون و شێوەگرتنەوەی بۆ خولقاندنیون دیاری دەکات، خوێندنەوەی ئەزمونی مێژویی هەر کۆمەلگایەك پێکهاتەو خەیالگەی مرۆڤەکانمان بۆ دیاری دەکات و دەستنیشانی ئەو جۆرە کردارانەشمان بۆ دەکات کە کۆمەلگایان بەم ئاکامە گەیاندوە، ئەوە کرداری مرۆڤەکانە خولقێنەری دیاردەو دەرکەوتە کۆمەلایەتیەکانە، لێرەوە وابەستەکردنەوەی کرداری مرڤەکانە بە خەیالگەو نەستیانەوە، واتە هەردو لای هاوکێشە کە بە ئاراستەی پێچەوانەش کاردەکەن، خەیالگەی مرۆڤەکان کرداری نوێ بەرهەم دەهێنێ هەم کرداری مرۆڤەکان بازنەکانی خەیالگە فراوان و روبەرو ئاسۆکان نەستیان زیاد دەکات. ئیدی سیستمەکانی وێناکردن و پەیوەندی بەردەوام بە شێوەیەکی گۆراو دەبن و لە ئاستە گۆراوەکاندا دەلالات و واتاو قورسایی نوێ دەدەن بە مەسەلەکان، ئەویش دەگەرێتەوە بۆ سروشتی بەردەوام گۆراوی بونیادەکان، بۆیە راستیەکانیش (حقائق) سروشتێکی رێژەیی وەردەگرن و گۆرانی قۆناغە مێژوییەکانی کۆمەلگا ئالوگۆر بە ریژەیان دەکات، ئەوەی دوێنێ گونجاو بوبێت ئەمرۆ بچێتە ریزی نەگونجاوەکانەوەو بە پێچەوانەشەوە. لەم روانگەوەیە قرئان سەرەتای دەستپێکردنی هەر پرۆسەیەکی ریفۆرمی سەرنجی مرۆڤەکان رادەکێشێت بۆ خوێندنەوەی هۆشیاری مێژویی کۆمەلگاو ئەو قۆناغانەی گەشەی کە تێیپەراندون، واتە سفرکردنی مێژوو لە تێزی ئیسلامیدا نیە، بەلکو تێزی ئیسلامی لە روانگەی ئەزمونە مێژوییەکانی ترەوە پێك دەهێنرێت پاش تاوتوێکردنی وردی ئەزمونەمان و دیاریکردنی خالە لاوازەکان و ئەو کردارە هەلانەی کە بوەتە مایەی لاوازی ئەو ئەزمونەو وەستاندنی مێژووەکەی، واتە پرۆژەی ئیسلامی لە روانگەی مێژوو ئەزمونەکانی ترەوە گەلالە دەکرێت و سەرجەم پێکهاتەو ئامرازو دامەزراوەکانی ئەزمونەکانی تر لە ئامێز دەگرێت، واتە ناکرێ بەو شێوەیە سەیری پرۆژەی ئیسلامی بۆ دەسەلات بگرێت کە دەسکەوت و ئەزمونەکان سفر دەکات و لە خالی سەرەتاوە دەست پێ دەکاتەوە، نەخێر پرۆژە دەسەلات لە دیدی ئیسلامیدا لەسەر دەسکەوت و دوایەمین ئاستەکانی ژیانی کۆمەلگاوە سەرەتایەکی بەهێز بۆ پێکەوەنانی مێژوو ئەزمونێکی نوێ دادەرێژێت، هەر ئەم دیدگایە قرئان بۆ باوەرپدارانی دروست دەکات و قۆناغە مێژووییەکانی گەشەی کۆمەلگاو ئەزمونی ئومەتەکانی تریان بۆ دەهۆنێتەوەو ئەم خوێندنەوەو تەرح کردنەی داستان و ئەزمونەی ئومەتی پێغەمبەرەکانی تر بە ژیان بۆ ئەم ئومەتەی ئیسلام ناوزەد دەکات لە روانگەی سودمەندبون لێیان و دیاری کردنی رێساو یاسای گۆرانە کۆمەلایەتیەکان. قرئان بۆ زیاتر بایەخدانی موسلمان بە میتنۆدی سوسیۆلوجیانە لە

گۆڕاندا لە چەند شوێنێکدا جەخت لەسەر ئەو راستیە دەکات کە گەشەو گۆڕانە مێژووییەکان لەسەر کرداری مرۆڤەکان هەڵچنراوەو مرۆڤەکان بەرپرسیارن لەو حاڵەت و ئاستەی ژیانیان چ لە روی سەرکەوتنەوە بێت یان شکستی ئەزمون و مێژووەکەیان: (هو الذي جعلكم خلائف الارض فمن كفر فعليه كفره و لا يزيد الكافرين كفرهم عند ربهم الاّ مقتاً، ولا يزيد الكافرين كفرهم الا خساراً)

(و ربك الغني ذو الرحمة ان يشأ يذهبكم و يستخلف من بعدكم ما يشاء كما انشأكم من ذرية قوم آخرين)

(وهو الذي جعلكم خلائف الارض و رفع بعضكم فوق بعض درجات ليبلوكم فيما آتاكم ان ربك سريع العقاب و انه لغفور رحيم).

لە تەواوی ئەم ئایەتانەدا پەروەردگار ئاستەکانی ژیانی مرۆڤ و سەرجەم دیاردەکانی کۆمەڵگا وابەستەی کرداری مرۆڤەکان دەکات و کرداریش پەیوەست دەکات بە روئیاو دیدگای مرۆڤەکانەوەو ئەوانیش لە ژێر کاریگەری کارتێکەرە ناوەکیەکانی مرۆڤ و دەرەکیەکاندا فۆرمەلە دەبن، ئاینیش لە کارتێکەرە هەرە کاریگەرەکانە لەسەر پێکهاتەی مرۆڤەکان و دواتر بەپێی تێپەڕبونی کات دەنیشێتە نەستی مرۆڤەکان و فەزای کۆمەلایەتی دەخولقێنێ و ئۆرگان و ئامرازە کۆمەلایەتیەکانی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر دەسەلات بە وردی بەناو بونیادەکان و هۆکارە پێکهێنەرەکانیدا رۆ بچین و لەتێز ئیسلامیشدا بۆ دەسەلات رۆڵی دەقەکان دیاری بکەین و بزانین ئایا دەق چ رۆڵێکی هەیە لە پێکهێنان و دیاری کردنی سروشتی دەسەڵاتدا؟ ئایا شێوازی دیاریکراو بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات لەناو قرئاندا تەرح کراون؟

## دەسەڵات: بونیادو ئەرك و مەبەست

گرنگە بۆگەیشتن بەدەرەنجامێکی دروست سەبارەت بە پرسی دەسەڵات رێ و شوێن و میتۆدی راڤەکردنی ئەم پرسەیە لە کەلەپوری رابردواندا دیاری بکەین و ئیستقرایەك بکەین بەناو ئەو تیۆرانەداو خوێندنەوەی ئەو فۆرم و ئەزمونانەی کە لە بەرەنجامی ئەو تیۆرانە بەرهەمهاتوون و شیاویەتی و گونجاویان دیاری بکەین لە دەرەوە ی کات و شوێن و ژینگەی بەرهەمهاتنی. ئاشکرایە کە دەسەڵات بە هەموو دەرکەوتەو پێکهاتەو دامەزراوو میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنیەوە پێکهاتەی کۆمەڵایەتین و لە ئاکامی کارلێکی ناوەکیەکانی کۆمەڵگاو ئاستی ژیانیەوە بەرهەمهاتوون، ئەگەر پێکهاتەکانی دەسەڵات دەرکەوتەو پێکهاتەی کۆمەوڵایەتین رۆڵی دەق چیە لە پێکهێنانیدا؟ چونکە تێزی ئیسلامی بۆ دەسەڵات پشت بە دەقەکان دەبەستێت بۆ فۆرمەلوبونی شێوەو ئامرازەکانی دەسەڵات، بەهۆی ئەمەوە زۆر جار پرۆژەی دەسەڵاتی ئیسلامیەکان تۆمەتبار دەکرێت بە نەگۆڕان و دوبارەکردنەوەی فۆرمەکانی سەرەتای مێژوی ئیسلامی بۆ دەسەڵات، واتە پرۆژە ئیسلامی بۆ دەسەڵات گۆڕانە کۆمەڵایەتی و پەەرسەندنی کۆمەڵگاو ئاستەکانی ژیان لە بەرچاو ناگرێت لە هەڵچنینی ئەزمون و بەگەڕخستنی مێژووی نوێ بۆ گەل و نەتەوەکەیان. گرنگە لێرەدا بۆ دیاریکردنی رۆڵی دەقەکانی قرئان لەسەر فۆرمی دەسەڵات بابەتی دواندنەکانی قورئان دیاری بکەین، واتە بابەتی ئاراستەکردنی گوتارەکانی قرئان چیە؟ ئەمە نهێنیەکانی دەسەڵاتمان لا ئاشکرا دەکات و دەرگا داخراو توخم گوزاریەکانیمان بۆ والآ دەکات و دەتوانین بەهۆیەوە توخمە ئیشکالیەت ئامێزەکانی دەستنیشان بکەین. ئەوەی هەتا ئێستا لە بارەی

دەسەلأتەوە دەوترێت و دەناسێنرێت بەخەڵکی زیاتر بریتی‌یە لە دەزگاو میکانیزم و ئامرازەکانی ئالوگۆڕ، بەڕێوەبردنی دەسەلأت، نالێم پرنسیپ هیچ رۆلێکی نی‌یە لە پێناسی فۆرمی و دەسەلأتدا بەلأم ئەمڕۆ ناسنامەی دەسەلأت ئیختزال کراوە لە ئامرازو میکانیزمەکانیدا و ناوەرۆکی فەلسەفی خەریکە لەدەست دەدات. وە ئەگەر سەرنج لە گوتاری قرئانی بدەین دەبینین بابەتی ئیش لەسەرکردنی تەنها مرۆڤەو چۆنیەتی ئامادەکردنیەتنی لە ئەستۆگرتنی پەیامەکەی و راپەڕاندنی ئەرکە پەیامداریەکەی لە ژیاندا. وە ناوەرۆکی پەیامەکەش دیسانەوە بریتی‌یە لە ئازادی و یەکسانی مرۆڤەکان لە لێپرسراویەتی و ئەرکەکانیاندا بە تەواوی رەهەندەکانیەوەو دیاریکردنی چارەنوسیان بەهۆی ئەو کردارانەی کە لە ژیاندا بە ئازادانەو هۆشمەندانە ئەنجامی دەدەن و ئەو شێوە ژیانەی کە لە ئاکامی کردارەکانیانەوە فەراهەمی دەهێنن. واتە قرئان ناخ و پێکهاتەی ناوەکی مرۆڤ دەدوێنێ نەك پێکهاتە دەرەکی‌یەکانی چونکە پێکهاتە دەرەکیەکانی مرۆڤ لە دەرەنجامی سلوك و سکێچ و هەندەسیەتی هێزە ناوەکیەکانی مرۆڤ و شێوە و ئاراستەی جوڵەکەی پێك دێن، بۆیە قرئان بۆ رێکخستنی پێکهاتە کۆمەلأیەتی و سیاسەیەکان –کە ئەمانیش ئۆرگانی کۆمەلأیەتین– گوتارەکانی ئاراستەی عەقڵ و ناخی مرۆڤەکان دەکات و پرنسیپ و دیسپلینیان بۆ دیاری دەکات، چونکە ئەمانە بە پێی تێپەڕبوونی کات دەنیشنە خەیاڵگەو نەستی مرۆڤەکان و پاشان دەبنە مەرجەعی عەقلیەتی سیاسی مرۆڤەکان، ئەوەی گوتارەکانی قرئان هیچ فۆرمێکی دەسەلأتی لەخۆنەگرتوە، لەبەر ئەوەیە فۆرمەکانی دەسەلأت مێژوکردن و بەپێی تێپەڕبونی کات و قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەگۆڕێن، سروشتی گوتارەکانی قرئانیش نامێژوییەو تەنها ئەو ئەساس و بنەماو پرنسیپانە لە خۆ دەگرێت کە مرۆڤ بونی مرۆڤەکان سازو ئامادە دەکات بۆ ئەوەی ئەو فۆرم و میکانیزم و پێکهاتەو ئامرازانەی بەرهەمی دەهێنن لە خزمەتی مرۆڤەکان و بەرەوپێش بردنی ژیانیاندا بێت و بەردەوام بەپێی دوایەمین ئاستەکانی ژیانیان و بەمەبەستی بەرەو بالأتر بردنی ئاستی ژیانیان و لەسەر بنەما قرئانیەکان تێگەیشتنی نوێ، پێکهاتەی نوێ، فۆرمی نوێ، سیستم و مەنزومەی نوێ بەرهەم بهێنن. ئیتر کاتێك قرئان فۆرمێکی دیاریکراو بۆ دەسەلأت تەرح ناکات، ئەوە بۆ والأکردنی دەرگاکانی ئایندەیە لەبەردەم مرۆڤایەتیدا هەتاکو مرڤەکان هیچ شتێك نەبێتە کۆسپ و بەربەست لەبەردەمیاندا بۆ داهێنان ئەزمونی نوێ و بەگەڕخستنی مێژووی نوێ، وپساندنی سەرجەم ئەو کۆتانەیە کە عەقڵی مرۆڤ مۆمیا دەکەن بەهەر ناوێکەوە بێت. بەڵکو سەرجەم قۆناغەکانی ببنە ئەساس بۆ دەست پێکردنی قۆناغی نوێ و زەمینە و بونیادی دەسەلأت لە بەهێزبوندا بێت. تێپەڕاندنی کات و شوێن و حاڵەت و ژینگە لە داڕشتنی ئەو بنەماو پرنسیپانەی پێکهاتەی دەسەلأتیان لەسەر هەڵدەچنرێت کارێکی ئێجگار قورسەو باجێکی زۆری دەوێت هەتا مرۆڤایەتی لە رێگەی ئەزمون و گەشەی عەقلیەوە پێی دەگات، کوتاری قرئانی‌ئەو حاڵەتانە تێدەپەڕێنێت بە ئاسانترین شێوەو کەمترین باج ئەگەر لە مێژووی ئیسلامیدا تێگەیشتنی مرۆڤەکان خۆیان سەرچاوەی ئەو کورتیەن و نەیانتوانیوە میتۆدێکی دروست دابڕێژن بۆ راڤەکردنی دەقەکان، ئیتر کاتێك ئەم هەڵە مەنهەجیە رودەدات لە کارایی قرئان لەسەر پێکهاتە کۆمەلأیەتیەکە کەم دەکاتەوەو لەبری ئەوەی موسڵمانان بە بنەماو مەفاهیمە قرئانیەکان کاریگەری کات و ژینگە و حاڵەتەکان لەسەر پێکهاتەو پێکهاتنی کۆمەڵگا سنوردار بکەن، پێچەوانەکەی رویدا، واتە لە روانگەی ژینگەو حاڵەتە کۆمەلأیەتیەکەوە

مامەڵە لەگەڵ بنەماو مەفاهیمە قرئانیەکان و سەرجەم ئەو مەقولانەی لەو بوارەدا سەریان هەڵداوە کراوەو خەیاڵگەو نەستی سیاسی خەڵکی واتا دەبەخشێت بە بنەماکان و لە سۆنگەی ئەو واتایانەوە ئەزمون هەڵدەچنرێت و پێکهاتەو ئامرازەکانی دەسەلات بەرهەم دێن. ئەم حاڵەتەش لە سەدەی پێنجەمی کۆچی بەدواوە بوە کە کۆمەڵگەی ئیسلامی پێوە گرفتار بوە، ئەوەش کە لەم مێژوە دورو درێژەدا کۆمەڵگەی ئیسلامی بەرهەمیهێناوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەتارە دروستەی کە پێغەمبەر (ص) ئەساسەکەی دارشت، هەرچەندە ئەو ئەساس و سەرەتایانەش وەك میکانیزم و ئامراز لە بونیادێکی تایبەت بۆ ژینگەیەك و کەش و هەوایەکی تایبەت دەبێت و ئەو شێوە دەسەڵاتەی لە بونیادێك دیاریکراودا فۆرمەڵە دەبێت ناکرێت گشتی بکرێت بۆ سەرجەم بونیادەکانی تر دەسەڵاتداران لە مێژووی دەسەڵاتدا بۆ زیاتر درێژکردنەوەی زەمەنی دەسەلات و ئەزموونە کە یان و تێپەڕاندنی بونیادەکان، هۆکارە کاریگەرەکانی پێکهێنانی دەسەلات لە بونیادەوە دەگوازێتەوە بۆ ئەو ئەرکانەی کە دەسەلات و دەوڵەت رایدەپەڕێنن و سنورو بازنەکانی دەسەلات لە تویژیك یان رەچەڵەکێك تەسك دەکەنەوە، ئیتر ئەو گوتەزایەی کە سەرچاوەی دەسەلات و پێکهاتەو شێوەکانی دەسەلات بە مرۆڤەکان ناو کۆمەڵگا دەدات و دەڵێت (ان من حکم الله ان یجعل الحکم لغیر الله)[١٠] فەرامۆش دەکرێت، چونکە ئەگەر شەرعیەتی دەسەلات لە دەست مرۆڤەکاندا بێت ئەوا بە گۆڕینی تێگەیشتنی مرۆڤەکان و گەشەی کۆمەڵگە فۆرم و ئەزمونەکانی دەسەلات دەبێت بگۆردرێت، سروشتییە دەسەلاتدارانیش بۆ هێشتنەوەی دەسەلات –دەگونجێت پاساوای واقعی خۆشیان بوبێت· موراوەغەیان بە چەمك و مەفاهیمەکان کردبێت و تێزی تریان سەبارەت بە دەسەلات تەرح کردبێت بۆ خەڵکی بە مەبەستی راکێشانی سەرنجی خەڵکی بۆ گۆشەنیگایەکی تری دەسەلات، وەك ئەوەی ماوردی لە (الاحکام السلطانیة) دەڵێت (الامامة موضوعة لخلافة النبوة في حراسة الدین سیاسة الادنیا و عقدها لمن یقوم بها قي الأمة واجب بالأجماع) گۆشەنیگای نوێ ئەرکەکانی دەسەلات دەکاتە هۆکاری سەرەکی پێکهێنانی دەسەلات و راپەڕاندنی ئەرکەکانیش تایبەت دەبێت بە سنورێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا، کە ماوردی لە هەمان سەرچاوەدا لەو بارەیەوە دەڵێت (فاذا ثبت وجوب الجماعة ففرضها علی الکفایة کالجهاد و طلب، فأذا قام بها من هو اهلها سقط فرضها علی الکفایة)[١١] هەرچەندە لە بنەڕەتدا لەم گۆشە نیگایەشدا کەسانی بەشداروبو لە بازنەی (فرض الکفایة) تایبەتکراو دیاریکراو نین و هەمو کەس دەتوانێت بچێتە ریزی ئەو کەسانەی کە ئەم (فرض الکفایة) ئەنجام دەدەن، بەڵام ماوەردی ئەم بازنەش سنوردار دەکات و دەڵێت (و ان لم یقم بها احد خرج فریقان احدهما اهل الاختیار حتی یختاروا اماماً للأمة، و الثاني اهل الأمانة حتی ینتصب أحدهم للمامة)[١٢]. پاشان هێند مەرجی قورس دادەنێت بۆ ئەهلی ئیختیار[١٣]، کە ئەوانە مەرجی دەزگای علمی پسپۆڕن بۆ پێگەیاندنی زانای پسپۆڕ، ئەم وابەستەکردنەی پێکهاتەی دەسەلات بە وەزیفەی دەسەلاتەوە، بەربەستەکانی بەردەم گشتی کردن و رەهایی کردنی ئەزمونەکان هەڵدەگرێت و رەوایەتی دەدات بەو وێنەو ئەزمونانە لە هەموو کات و شوێنێکدا هەر ئەم میتودە وەزیفەش لە راڤەکردن و دیاریکردنی پێکهاتەی دەسەڵاتدا ماوەردی دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی شەرعیەت بەدەسەلاتی بەهێز داگیرکراو سەپێنراو بدات و دەڵێت (و أما أمارة الاستیلاء التي تعقد عن اضطرار فهي ان یستولي الامیر بالقوة علی بلاد یقلده الخلیفة امارتها، و یفوضی الیه تدبیر سیاستها، فیکون الأمیر باستلائه مستبدا بالسیاسیة و التدبیر،

و الخليفة بأذنه منفذاً لأحكام الدين، ليخرج من الفساد الى الصحة و من الخطر الى الأباحة، و هذا و ان خرج من عرف تقليد المطلق في شروطه و احكامه ففيه من حفظ القوانين الشرعية و حراسة الأحكام الدينية و ما لايجوز ان يترك مختلاً مدخولاً و لا فاسداً معلولاً، فجاز فيه مع الفرق بين شروط المكنة و العجز)[١٥]. لەم مەقولەوە دەردەکەوێت بە بۆچونی (ماوردی) بە پێی ئەو مەنخهەجە وەزیفەی بەکاری هێناوە جەماوەرو بونیادە کۆمەلایەتیەکانی مافی رەفزکردنی ئەم حاڵەتەیان نی یە مادام دەسەلأت وەزیفەکانی خۆی ئەنجام دەدات. پێم وایە هۆکاری تەبەنی کردنی ئەم میتۆدەش لە لایەن زانایانی ئەو سەردەمەوە ترسیلن بوە لە پچراندنی شیرازە ی کۆمەلایەتی و هەڵوەشاندنی کۆمەڵگاو بەرپابونی شەری ئەهلی کە بە (فتنە) ناوزەدیان کردوە، نازانم گیرۆدەبونی کۆمەڵگا بە دەسەلاتێکی ئیستبدادیەوە چۆن بە (فتنە) پێناس نەکراوە ! ! هەرچیەك بێت پاساوی سەرهەڵدان و تەبەنی کردنی ئەم میتۆدە، ئاسارەکانی هێندە خراپ بوون چارەنوسی دەسەلات و ئایندەی کۆمەڵگەی ئیسلامی نغرۆی قەیران کردوە، ناکرێت لە سەر حسابی دوارۆژی نەوەکان ئیستای دەسەلأت رێك بخرێت یان لە پێناو چاککردنی باری خراپی ئیستای دەسەلات میکانیزم و میتۆد ئامرازێك بەکار بهێنین ئایندەی پێ شەتەك بدەین. ئەم هەڵە مەنهەجیانەیە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی کۆمەڵگاکەمانی تێکداوە، ئەم میتۆدی وەزیفیە ئەمرۆش بەکاردەهێنرێت بۆ بەگشتی کردنی ئەزمونی رۆژئاوا بەسەر سەرجەم کۆمەڵگاکانی تردا، گرفتی ئیفلیجی عەقڵی سیاسی ئێمە لە هەڵچنینی ئەزمونێکی سەرکەتودا لەم تەبەنی کردنی میتودە وەزیفیەدایە، کە نەست و خەیالگەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگایەکی تر بەرهەمیهێناوە، گرفتەکە کە گرفتی گشتی کردنی دەرەنجامەکانی ئەم مەنهەجەیە بەسەر تەواوی گروپو کۆمەڵگاکانی تر بە فەرامۆشکردنی ئەو جیاوازیە چۆنایەتی و چەندایەتیەی کە لە نێوان گروپ و گۆمەڵگاکاندا هەیەو کار دەکاتە سەر سروشت و ماهیەتی ئەزمون و فۆرمەکان. ئەمرۆ هەردو تێزی ئیسلامی و عیلمانی لەبەر تەبەنی کردنی ئەم میتۆدە ژیانی سیاسی کۆمەڵگا موسلمان نیشنەکانیان تێکداوە و پرسی دەسەڵاتیان تووشی ئیشکالیەت کردوە، چونکە ئەم میتۆدە ئەساس و هۆشیاری سیاسی کۆمەڵگای فەرامۆشکردوە کە لە ئاکامی قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵگا بەرهەمهاتوە. هەر تێزەی دەیەوێت پارادایمی خۆی گشتی بکات و ئەویتر رەفز بکات. بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانەی دەسەڵات پێویستە میتۆدێك دیاری بکەین کە پێش هەڵچنینی ئەزمون و فۆرمێك بونیادێکی بۆ پێك بهێنین و بکرێتە ئەساس بۆ ئەزمونەکە. پێم وایە میتۆدەکەی (ابن خلدون) لە راڤەکردنی بۆ دیاردە سیاسیەکانی مێژوو میتۆدێکی سەرکەتو بێت لە شیتەڵکردنی ئەو بونیادو گوتەزایانەی کە فۆرمێکی دەسەلاتیان پێکهێناوە (ابن خلدون) لە میتۆدەکەیدا کات و شوێن و مومارەسات و ئامرازەکان تێدەپەڕێنێت و لە روانگەی مەبەست لەو کردارانەوە دیاردە سیاسیەکان دەخوێنێتەوەو کۆمەڵە یاساو ریسایەکی لێ دەردەهێنێت و دەیانکاتە بنەماو پرنسیپ بۆ هەڵسەنگاندنی هەر ئەزمون و دیاردەیەکی سساسی و لەکاتی گشتی کردندا بەسەر گروپ و کۆمەڵگای تر ئەو بنەمایانە رەچاو دەکرێن نك شێوازو ئامرازو ژینگەو کەسەکان. (ابن خلدون) بۆ زیاتر رونکردنەوەی میتۆدەکەی تیشك دەخاتە سەر مەرجی قورەیشی بون لە پێکەوەنانی فۆرمی دەسەلأت لە یەکەم ئەزمونی موسڵمانان بۆ دەسەلات کەلە فەرمودەی (الائمە من قریش) وەرگیراوەو کراوە بە پرنسیپێکی دەسەلات لە پێکەوەنانی ئەو ئەزمونەدا، (ابن خلدون) لەم

بارەیەوە دەڵێت (اذا بحثنا عن الحكمة في اشراط النسب القرشي و مقصد الشارع منه لم يتقصر فيه على التبرك بوصلة النبي (ص) كما هو المشهور، و ان كانت تلك الوصلة موجودة و التبرك بها حاصلاً. لكن التبرك ليس من المقاصد الشرعية كما علمت، فلا بد اذن من المصلحة في اشتراط النسب وهي المقصودة ممن مشروعتها)[١٥]. لێرەدا (ابن خلدون) مومارەسە مێژوییەکەی موسڵمانان تێدەپەڕێنێت و دەچێتە قوڵایی تەرحکردنی فەرمودەکەی پێغەمبەر (ص) و دیاریکردنی مەبەستی ئەو تەرحەو دواتر بە مەرج دانانی لەو ئەزمونەدا و لەم بارەیەوە لە هەمان سەرچاوەدا دەڵێت (و اذا سرنا و قسمنا لم نجدها الاّ اعتبار العصبية التي تكون بها الحماية و المطالبة، و يرتفع الخلاف و الفرقة بوجودها لصاحب المنصب فتسكن اله الملة و ينتطم حبل الالفه فيها)[١٦]. دەردەکەوێت کە مەبەست لە قورەیشی بون ئەو بونیادە کۆمەلایەتیەی کۆمەڵگایە کە دەبێتە ئەساس بۆ هەڵچنینی ئەزمون و لێرەدا ئاماژە دانە بە پێویست بونی بەهێزی بونیادی کۆمەلایەتی لە پێکەوەنانە هەر ئەزمونێکدا، ئەگەر سەیری چرکە سات و قۆناغی وتنی ئەم مەقولەیە بکەین دەبینین لەسەرەتای پێکەوەنانی ئەزمونی مەدینەدایەو مەبەست تیایدا بەهێزو توکمەکردنی ئەو بناغەیە کە ئەزمونەکەی لە سەرەو بەپێی ئەو پێکهاتەی ئەوکاتەی کۆمەڵگەی عەرەبی لە سەرە، بەتایبەت کۆمەڵگەی عەرەبی کۆمەڵگەی پەرتەوازەو لێك ترازاو بوو پێش هاتنی ئیسلام و بەو حاڵەتەوە تواناى هەڵگرتنی ئەو قورساییەی نییە، بۆیە پێویست بە کۆکردنەوەو پێکەوە گرێدانەوە ئەلقە لێکترازاوەکانی هەیەو دەبێت بەهێزترین ئەلقە بکرێتە سەنتەری ئەو کۆکردنەوەیە کە قورەیشە، هەروەها پێغەمبەریش لەو ئەلقەیە و هێزێکی زیاتری پێدەبەخشێت توانای بەرگەگرتنی زیاتر پێ دەدات، ئەمەو لە هەمان کاتدا ئەزمونی مێژوویی رۆمەکان لە دەسەلآتدا ئاینی مەسیحیان کردۆتە ئەساسی هەڵچنینی ئەزمونی دەسەلآتیان، لێرەوە پێغەمبەر (ص) بەسود وەرگرتنی لە دوایەمین ئاستی گەشەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیو پشکنینی وردی جەستەی کۆمەڵگەی عەرەبی و کارایی گوتارەکانی قرئان لەسەر زهنیەت و سایکۆلۆژیەتی تاکی عەرەبی بەتایبەت ئەو ئینقلابە نەفسیەی کە بەرپای کرد لە ناخی هەر تاکێکی موسڵماندا بە شێوەیەك ئینتمای تازەیان باڵیکێشا بەسەر تەواوی ئەلقەبەندی و ئینتماکانی تردا بەلآم نیشتوی قۆناغەکانی رابردو ژیانیان لە خەیاڵگەو نەستیانی پێکهێناوە نە سڕاوەتەوەو هێشتا ئاساری لەسەر برگەی کۆمەلآیەتی ژیانی رۆژانەی مرۆڤەکانەوە بە جێهێشتووە، بەلآم گۆڕینی ئەم خەیالگەو نەستە پێویستە سەرەتا رەچاو بکرێت و پاشان بەناوەرۆك و سکێچی نوێوە دابڕێژرێتەوەو شیاوو لە ئاست بەمەرجەع بونی عەقلیەتی سیاسی بێت. گرنگی و کاریگەری ئەو ئەزمونە لەو پنتەوە دەست پێ دەکات کە خاڵی دە ست پێکردن لە شوێنی خۆیدا بوو و پاشان ئەولەویەتی بەتۆکمە کردنی بونیادە فکری و ئابوری و کەمەلآیەتیەکەدا ئەم گۆڕینی خەیالگەو نەستی خەڵکی هاوکات لەگەڵ کارکردن لەسەر پتەوو بەهێزکردنی سەرجەم بونیادەکانی کۆمەڵگا ئەزمونێکی سەرکەوتوو گەورەیی بەرهەم هێنا، ئەزمونەکان هەرچەندە سەرکەوتوو بەهێزبن تەمەنان مەودایەکی زەمەنی دیاریکراوی هەیە، پێویست دەکات بۆ تێپەڕاندنی ئەو مەودا زەمەنیە سەرلەنوی خەیالگەو نەست و بونیادەکان بگۆڕێن هەتاکو ئەزمون و فۆرمەکان سەرلەنوێ بە نەفەس و شێوازێکی بەهێزتر بێتەوە مەیدان و خزمەتەکانی پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات. هەرکات کۆمەڵگا گەشەی کردو میکانیزم و خەیالگەو فۆرمەکان وەك خۆیان مانەوە ئەوا چەپاندن

روودەدات. مێژووی دەسەلاتی سیاسی ئیسلامی ئەو راستیە دەردەخات کە کاتێك گۆڕینی فۆرمی دەسەلات هاوشێوەی گۆڕینی خەیالگەو نەستی خەلکی نەبوو ئەوا دەبێت ئەو فۆرمە بە تۆبزی و بە زەبری هێز بسەپێنرێت، کێرڤی ئاستی ژیانی کۆمەلگا روو لە دابەزین دەکات و هێدی هێدی ژیان و گەشەی کۆمەلگا بەرەو پاشەکشە دەڕۆیشت هەتا گەیشتە نزمترین ئاستەکان و لەگەل ئەو پاشەکشەیدا فتوحاتی ئیسلامی قەلەمڕەوی دەسەلاتی فراوانکردو باوەڕهێنانی گەل و نەتەوە لەیەك جیاوازەکان بونیادەکانی (کۆمەلایەتی، ئابوری، فکری) کۆمەلگایان دەگۆڕی و لە فۆرمەکانی دەسەلات وێنەیان دەگۆڕا لە خلافەتەوە بۆ پاشایەتی (ملك العضوض) پاشان بۆ (سلطنة)، لێرەوە نهێنی سەرکەوتن و بەهێزی هەر ئەزمونێکمان بۆ دەردەکەوێت کە بونیادەکانی کۆمەلگایەو ئەویش پەیوەستە بە خەیالگەی کۆمەلایەتی خەلکیەوە، دیارە هاوکات لەگەل گۆڕاندنی بونیادی فکری و کۆمەلایەتی کۆمەلگا پێویستە بونیادی ئابوریەکەشی بگۆڕێت بۆ هاوسەنگ راگرتنی هاوکێشەی گۆڕانەکە لەکۆی ئەو بۆچونانەی رابردووەوە دەردەکەوێت کە گۆڕانی سروشت و ماهیەتی دەسەلات پەیوەستە بە گەشەو پەرەسەندنەکانی کۆمەلگاوە و کاتێکیش وتراوە (وجبت السلطة بالعقل و الشرع) مەبەست تیایدا ئەوەبوە کە پەروەردگار لە شەریعەتی ئیسلامیدا فۆرم و وێنەی دەسەلاتی پەیوەست کردوە بە عەقلەوە کە ئەویش مەحکومە بە خەیالگەو نەستی مرۆڤەکانەوە، هەر لەم سۆنگەیەوە کاتێك امامی غزالی دەفەرموێت دەسەلات بە عەقل و شەرع واجب دەبێت بۆ بەلگەهێنانەوەو پاساودانی ئەم مەقولەیە سەرجەم ئاماژەکانی عەقلین و پەیوەستن بە بونیادو خەیالگەی کۆمەلگاوە، سەرجەم ئەو مەقولانەی لەناو ترادیسیۆنی ئیسلامیدا بۆمان ماونەتەوە بەهەمان شێوە کۆمەلگاو خەیالگەی مرۆڤەکان دەکەنە سەرچاوەو مەرجەعی دەسەلات و لەو گۆشەنیگایەوە کە مرۆڤ بەهەموو رەهەندەکانیەوە تەنها بابەتی گوتاری قورئانەو خەیالگەو پێکهاتەو کارلێکە ناوخۆیەکانی مرۆڤ سلوکی رێك دەخات و لەوێشەوە کۆمەلگا بە هەموو پێکهاتەکانیەوە رێك دەخرێت و قرئان دەبێتە سەرچاوەی دەسەلات و ئیسلامیش دەبێتە دین و دەولەت و سەرجەم رینومایەکانی قرئان بە مەبەستی ئامادەکردنی بونیادەکانی دەسەلاتە لە رێگەی داڕشتنەوەی پێکهاتەی تاکەوە.

## دەسەلات و رۆشنبیر

لە سۆنگەی ئەو بۆچونانەی رابردووەوە دەرکەوت بۆمان کە کۆمەلگا سەرچاوەو ئەساسی بەرهەمهێنانی فۆرم و ئەزمونی دەسەلاتە، لێرەوە پەیوەندی کەرتە کۆمەلایەتیەکان بەدەسەلاتەوە گرێ دەدرێت و هەریەك لەو کەرتە کۆمەلایەتیانە رۆلی تایبەت و کاریگەری دەبێت لەسەر چۆنیەتی و شێوازی شێوەگرتنی فۆرمی دەسەلات، جۆرو شێوازو قورسایی کاریگەریەکەش لە کەرتێکەوە بۆ کەرتێکی تری کۆمەلایەتی جیاوازەو بەندە بەتواناو سروشتی هەر کەونێکەوە و لە نێوان یەکدیشدا کاریگەریان لەسەر یەکتر دەبێت. رۆشنبیران ئەو کەرتە کاریگەرن کە بزوێنەرو داینەمۆی کۆمەلگان و بەردەوام دیدگاو سیستم بۆ کەرتەکانی دیکە دادەڕێژێت و ئاراستەو جۆرو سروشتی جولەی تاکەکان دیاری دەکات و دەبێتە مایەی دروست بونی فەزایەکی نوێی کۆمەلایەتی. رۆشنبیران دەتوانن جەستەو هەناوی کۆمەلگا بخوێننەوەو دەستنیشانی سروشت و جۆری پێکهاتەو ئاستی ژیانی بکەن و ئامرازو میکانیزمە پێویستەکانی ئیدارەی ئەو جۆرو ئاستە

ژیانە دیاری بکەن و زەمینەو هەل و مەرجی بەرهەمهێنانیان لەگەڵ کەرتەکانی تر دەستەبەر بکەن و کایەیەکی موگناتیسی وا دروست بکەن کە سەرجەم ئەو قاڵب و سیستەمانەی لە قوتابخانـەکانی تر بەرهەمهاتوون و ئەمڕۆ ئاستەنگن لەبەردەم پێکهێنانی دەزگـاو ئـامرازی نوێدا تێکدەشـکێنێت، کۆمەڵگاکانیش ئاستی ژیـان و قۆنـاغی گەشـەو جـۆری پێکهاتـەیان لەیـەك جیـاوازە، کـە ئەمـەش دەکاتە جیاوازی چالاکی هەڵسوڕان و دەرەنجامی کەرتە کۆمەڵایەتیە هاوچەشنەکانی ناو کۆمــەڵگا لەیەك جیاوازەکـان و سـەرەنجام لـە یەکنـەچونی سیسـتەمی پەویـەندی و سـتراکچەرو پـەیوەندی نێوان دەسەڵات و سـەرجەم کەرتـە کۆمەڵایەتیـەکان بـەڵام دەگونجێت دەرەنجـام و پێکهاتـەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگایەکی دیاریکراو هاوشێوەی ئەو پێکهاتانەی قۆناغێکی رابردووی کۆمەڵگایـەکی تـر بێـت، هـەروەك دەکرێـت کۆمـەڵگاکان بەهـەمان قۆنـاغی حاڵـەتی یـەکتردا تێپــەڕن و ئــەوکات بەکارهێنانی بڕیارو دەرەنجامی فکری نـاو کۆمەڵگایـەکی دیـاریکراو بـۆ خوێندنـەوەو دیـاریکردنی ئاراستەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و فۆرمی دەسەڵات لە کۆمەڵگایەکی تردا کە لە روی سیاقی مێژوویی و ژیاریدا لە یەك جیاوازین بەکارهێنانێکی نابابەتیەو دەبێتـە مایـەی سـەرهەڵدانی توندوتیـژی لـەو کۆمەڵگایەداو لاوازکردنی پرۆسەی گۆڕان و لـە بـاربردنی هـەل و توانـاو دەسکەوتەکانی کۆمـەڵگا. ئەمە کێشەی کۆمەڵگا موسڵمان نشینەکانە بە ردێژایی نزیکـەی سـەدەیەکە چـەندین تـێزو فـۆرم و دەرەنجام تەرح کراون بە مەبەستی تێپـەڕاندنی قەیرانـەکان بـەڵام سـەرەنجام شکسـتیان هێنـاوە چونکە هەڵقوڵاو و فۆرمەلەبوی ناو کۆمەڵگا خۆی نەبون و لە روی قۆناغ و ساتی مێژوویی و ئاستی گەشـەو پێگەیشـتنەوە لەیـەك دور بـون، ئیـدی ئاراسـتەکردنی گوتـارو میتـۆدو حوکمــی حاڵــەتی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگایەك بۆ حاڵەتێکی هاوشێوەی ئەوە لە کۆمەڵگایەکی تر دەبێتـە گوتـارێکی دیماگۆجیانەو هێزو کەرتە کۆمەڵایەتیەکان بەهەڵەدا دەبات و هەل و تواناو جوڵانـەوەکان دژ یـەك دەبنـەوە و زەمینـەو سـەرەتاکانی ئـەزمون و مێـژوە نوێیەکـە لاواز دەبـن لــەم سـۆنگەوەیە کـە هەوڵەکانی گۆڕانی فۆرمی دەسەڵات لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا شکست دەهێنێت، تـێزی علمـانی لـە روانگـەی سـیاقی مێژویـی کۆمـەڵگای رۆژئاواییـەوە پۆلێـن و قۆناغبـەندی کۆمەڵگـەی ئیســلامی و دادگایی حاڵەتە ئیسلامیەکە دەکەن و خەیاڵگەو ئاستی ژیان و پێکهاتەی کۆمەڵایـەتی کۆمـەڵگاش زۆر جیـاوازە لـە رۆژئـاواو ئامـادەگی بەرهەمـهێنان و وەرگرتنـی ئـەو شـێوە فۆرمــەی نیـیە لــەو چرکەسـاتەدا، تـێزی ئیسـلامیش فۆرمێکـی دەسـەڵات تـەرح دەکـات کـە ئاسـتی ژیــانی کۆمــەڵگا تێپەڕاندوەو واقعی ئێستای کۆمەڵگا داوای فۆرمی تر دەکەن بۆ رێکخسـتنی ژیـان چونکـە فۆرمـە مێژوییەکەی تر توانای لە خۆگرتنی ئەم ئاستەی ئێستای ژیانی کۆمـەڵگای نیـیە، ئەمـەش ناکاتـە ئەوەی کە فۆرمەکانی دەسـەڵات لـە کۆمـەڵگاکاندا وەك یـەك نـابن یـان نـاکرێت فۆرمـی دەسـەڵات کۆمەڵگایەك بخوازرێت بۆ کۆمەڵگایەکی تر نەخێر بەڵکو پێویستە هــەرکاتێك گەشـەی کۆمـەڵگاکان هاوئاست بون ئەو کاتە فۆرمەکانی دەسـەڵاتیش هاوشـێوەی یـەکتر دەبنـەوە بـەدەر لـە جیـاوازی مەرجەعەکان، لێرەوە رەوایی و نارەوایی گۆاستنەوەی ئەزمون و فۆرمەکانی دەسەڵات پەیوەسـتە بـە ئاسـتی گەشـەو پێکهاتـەی کۆمـەڵگاوە نـەك جـۆری مەرجەعـەوە بـەڵام دەگونجێـت لـە رووی زەمەنیەوە بۆ تەرحی فۆرمی دەسەڵات جیاوازی هەبێت. لێرەوە ئەرکی رۆشنبیران وەك کــەرتێکی کۆمەڵایەتی کارا بریتی دەبێـت لـە دەستنیشـانکردنی ئاسـتی گەشـەی کۆمـەڵگاو جـۆری کارلێکـە ناوخۆیـەکانی نـاو کۆمەڵگایـە، ئیـتر دەکرێـت رۆشـنبیران لـەناو کۆمــەڵگای ئیسـلامیدا بەهــەمان

دەرەنجامی رۆشنبیران کۆمەڵگایەك تر بێ لە هەمان کاتدا یان لەکاتی یەك جیاوازدا هەروەك ابن القیم الجوزی لە بارەی پەیوەندی ئاین و دەسەلاتە لە ناو کۆمەڵگادا بەهەمان دەرەنجامی (اردشیر) گەیشتوە لە کۆمەڵگایەکی تر، کە لەم بارەوە دەڵێت (الدین و الملك توأمان لا قوام لأحدهما الاّ بصاحبه)[١٧] ئەم دەرەنجامە لە روی زەمەنی و ناوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەمهاتنەوە جیاوازی هەیە، واتە هەریەکەیان لە کۆمەڵگاو کاتێکی دیاریکراودا ئاراستەکراون و وە لە دوو مەرجەعی فکری و ژیاری لە یەك جیاوازەوە پێك هاتون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەساس و زە مینەی کە سەرجەم مەرجەع و ژیارەکان کۆدەکاتەوەو لە سەری بەندن. لەم جیاوازی کات و شوێنەی گوتارە هاوچەشنەکانەوە دەچینە سەر راستیەکی گرنگی تر کە دیاری کەری جۆری پێکهاتە و ئاستی ژیانی کۆمەڵگاو فۆرمی دەسەلاتە، ئەویش گوتاری جیاوازی لەناو کۆمەڵگادا، ئەگەر هەر کۆمەڵگایەك لە روی تایبەتمەندییەکانەوە گوتاری تایبەتی بەرهە بهێنێت و تایبەتمەندی کۆمەڵگاکانیش لە یەکجیاواز بێت و ببێتە مایەی جیاوازی گوتارەکان، ئایا گوتاری جیاوازی وەك سیمایەکی دەسەلات و دەرهاویشتەیەکی کۆمەڵایەتی و فکری چ پاساوێکی هەیە لەناو یەك کۆمەڵگادا یان لەناو چەند کۆمەڵگایەکی هاوکاتدا؟ گرنگیە گوتاری جیاوازی پەوەستە بە هۆکارە پێکهێنەرەکانیەوە، ئەم هۆکارانەش دەبنە بناغەو رۆڵێکی سەرەکی و بنەڕەتی دەگێڕن لە چونیەتی شێوەگرتنی فۆرمی دەسەلاتەوە بۆ دەرکەوتنی ئەم راستیەش پێویستمان بە شیتەڵکردنی گوتاری جیاوازیە بۆ هۆکارە پێکهێنەرەکانی، گرنگترین هۆکارە پێکهێنەرەکانی گوتاری جیاوازی کورت دەکەمەوە لە:

١–توانای لە یەکجیاوازی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ راڤەکردن و لێکدانەوە: دیارە ئەوە تاکەکانن گۆتارەکان بەرهەم دەهێنن، ئەم بەرهەمهێنانەش پەیوەستە بە روانگەو پێوەرو باری دەرونیو رێژەیی زانیاری و ئاستی تێگەیشتنی تاکەکان، هەموو ئەمانەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە هەرچەندە لەناو یەك مەرجەع و کۆمەڵگایەکدا بن، ئیدی ئەم حاڵەتەی تاکەکان تەنها دەرئەنجام و بەرهەمی لە یەکجیاوازی لێ چاوەڕوان دەکرێت و هەموو مرۆڤێکیش مافی خۆیەتی چۆن بیردەکاتەوەو کەس بۆی نییە ئازادی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان زەوت بکات بە هەر ناوێکەوە بێت، سەپاندنی میتۆدو تێڕوانین و بیروروباوەڕێکی دیاریکراو بەسەر مرۆڤەکاندا قەدەغەیە بەپێی گوتاری قرئانی (لا اکراه فی الدین) بقره (افأنت تکره الناس حتی یکونوا مؤمنین) (یونس) کاتێك پەروەردگار ئازادی بیرکردنەوەی بۆ مرۆڤەکان قەرار دابنێت، هیچ کەسێك بۆی نییە بەناوی پاراستنی بەرژەوەندی بانگەوازو ئاین ئەو ئازادیە سنوردار بکات، تۆ بڵێی باوەڕداران لە پەروەردگار دڵسۆزتر بن بۆ ئاین؟ ماشا الله یان بڵێی پەروەژندی ئاین لە ئازادی مرۆڤەکان بێت یان چەوساندنەوەیان ئەمە گرفتی فکری ئاینی بوە لە مێژودا، گوتارێکی بەرهەمهێناوە سروشتی و پێکهاتەی مرۆڤەکانی رەچاو نەگرتوە ئەمەش بەهۆی بارگاوی بونی ئەو رێبەرو بیریارانە بوە بە بەها کۆمەلایەتیەکانیان کە کارایی دەقە قرئانیەکانیان سنوردار کردووە، گرنگە ئەمڕۆ تێزی ئیسلامی بەمەبەستی شێوەگرتن و فۆرمەلەبونی فۆرمێکی دەسەلات ئەم خاڵە بنەڕەتی و سەرەتاییە بەجدی رەچاو بکات، گوتاری جیاوازی پەیوەستە بە مرۆڤ بونی مرۆڤەکان کە خودی قرئان بەمەبەستی بەرجەستەکردنی و بالاکردنی ئاستی هەست بە مرۆڤ بون هاتوە، وە ئەم بەرجەستەکردنی سروشتی مرۆڤانەیەی مرۆڤەکان تەنها ئامانجی گوتاری قرئانیەو سەرجەم

حوكمەكان و دەقەكانی تريش دەبێت لەم روانگەوە راڤەبكرێن و مامەڵەيان لەگەڵ بكرێت. سروشتیيە لە دەرەوەی مەرجەعی ئيسلامی خەڵكانی تر ئەم گوتارەيان بەرهەمهێنابێت و لە روانگەيەوە فۆرمێكی دەسەلاتيان تەرح و بەرجەستە كردبێت بەهۆی ئەو پێوەرو ديدگاو پێكهاتە عەقڵیو دەرونيەی ئاستی كۆمەڵگا بۆ تاكەكانی دياری دەكات، بەلام ناسروشتی لەوەدايە ئيسلاميەكان نەتوانن ئەم جۆرە گوتارە لەناو قرئاندا هەڵگۆزن و بەرهەم بهێنن.

ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ كاريگەری روداوو گۆرانكاری و دەرهاويشتەكانی ناو كۆمەڵگا بۆ چۆنيەتی شێوەگرتنی پێكهاتەی تلكەكان. لێرەوە رۆڵی رۆشنبيران دەردەكەوێت لە چۆنيەتی كاركردن لەو بوارەداو كردنی بە كۆديك بۆ لێكدانەوەی سەرجەم مەسەلەكانی ترو رەنگكردنی هەموو بوارەكانی ژيان بەم مەسەلەيە هەتاكو دەخزێتە ناو كۆنەسەت و خەياڵگەی تاكەكان و دواتر كۆمەڵگايی پێ رەنگرێژ دەكرێت و هوشياريەك و فەزايەكی كۆمەلايەتی لێ پێك دێت و بەهۆيانەوە فۆرمەكان بەرهەم دێن. رۆشنبيران وەك كەرتێكی كۆمەلايەتی چالاك پێويستە سەرجەم مەنهەج و سستم و پێوەرەكان بخەنە ژێر پرسياری جديەوە كە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ بونی مرۆڤەكاندا ناگونجێت لەهەر ناوەندو مەرجەعەتێكەوە بەرهەم هاتبێت چونكە هەموو ناوەندو مەرجەعەكان سروشتێكی مێژوويیان هەيەو توانای درێژكردنەوەيان بۆ هەموو زەمەنەكانی تر نیيە، بۆيە گرنگە بەردەوام رۆشنبيران بە ميتۆدێكی رەخنەگرانە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەكاندا بكەن و هەتاكو فەزايەكی كۆمەلايەتی ئاست بەرزو پێشكەوتوو بۆ كۆمەڵگا فەراهەم بهێنن كە دەبێتە چاوگی بەرهەمهێنان و شێوەگرتنی سەرجەم فۆرمەكان ئيتر گوتاری تاك و گروپێكی دياريكراو نابێتە چەقەگوتارو هەقيقەت لە خۆيدا مۆنۆپۆل ناكات،

٢-رێژەيی تێگەيتشنەكان:

قورسايی و ماهيەت و جياوازی تاكەكان بريتیيە لە تێگەيشتنەكانيان، ئەم تێكەيشتنانەش دەبنە زەمينەو سەرەتاو ئەساسی سەرهەڵدانی هەر مێژوو ئەزمونێك، وە ئەم رێژەيی بونە تێگەيشتنەكانيش بەردەوامی و نوێكاری و وێنەو فۆرمی جۆراوجۆر دەبەخشێت بە ژيان، ئەگەر ئەم راستيە نەبوايە ژيانی مرۆڤايەتی لە يەك ئاست و شێوازدا قەراری دەگرت: كاتێكيش تێگەيشتنەكان رێژەيی بون ئەوكات دەكرێت لەناو تێگەيشتن و گوتاری خەڵكی تردا راستی بەدی بكرێت و حەتميەتی پێكەوەژيان و يەكترقبوڵ كردنی گوتارەكان دێتە پێشەوەو بوار نامێنێتەوە بۆ نەفيكردنی يەكتر مادام گوتارو تێگەيشتنەكانی دی شتێك لە راستيان هەڵگرتبێت و ناكرێت كۆمەڵگايان لێ محروم بكرێت، ئەم رێژەيی بونەی تێگەيشتن جياوازی لە گوتار پێك دەهێنێت و پاشان گوتاری جياوازی كە دەبێتە هۆكاری كاريگەر لە شێوەگرتنی فۆرمی دەسەلاتدا، كاتێك پەروەردگار (اكراه) رەفز دەكات مافدانە بە بۆچون و تێگەيشتنی و خوێندنەوەكانی بەرانبەر. بۆ مومارەسەو خزمەت لە ژياندا و گوتاری جياوازی دەبێ ئەساس و حەقيقەتی ژيانی مرۆڤايەتی و حەقيقەتەكانی تری ژيانی لەسەر هەڵدەچنرێت. ئەم رێژەيی بونەش پەيوەستە بە سروشت و پێكهاتەی مرۆڤ و سنورداری سەرچاوەو دەزگاكانی بەرهەمهێنانی مەعريفە، رۆشنبيران گرنگە بەردەوام دوايەمين ئاستەكانی بەرجەستەبونی مرۆڤ بونی مرۆڤەكانی دەربخەن بۆ دەورووبەريان لە روانگەيەوە تێزو تێكستەكانيان رێك بخەن و تەرحی بكەن بۆ كۆمەڵ وەك راستيەك لە راستيەكانی نەك راستيەكی رەها، سيستمی كۆمەلايەتی رۆڵێكی گرنگ دەبينێ لە جياوازی توانای

تاکەکان و رێژەیی بونی تێگەیشتنەکانیان هەروەك ئەوان رۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە پێکهێنانی سەرجەم سستمەکاندا. لێرەوەیە رۆشنبیران پەیوەستن بە دەسەڵاتەوە لە بناغەداو کەرتێکی کۆمەڵایەتی کاریگەرن لە دارِشتنی بویادو پایەکانی دەسەڵاتدا ئیتر لەناو ئۆرگان و پێکهاتەکانی دەسەڵاتدا بن یان لە دەرەوەن وە ئەگەر بویسترێت چاکسازی لە فۆرمی دەسەڵاتدا بکرێت لەروی چیەتی و چۆنیەتیەوە و گرنگی بدرێت بەهەوڵەکانی گۆڕان لە دەسەڵاتدا پێویستە گرنگی و گورانەکە ئاراستەی رۆشنبیران بکرێ و رۆشنبیرانیش بکرێنە بناغەو بەردەباز بۆ گواستنەوەی کۆمەڵگاو فۆرمەکانی بەرەو ئاستە باڵاکانی ژیان.

## دەسەڵات و فکری ئیسلامی هاوچەرخ

هەرچەندە بزافی ئیسلامی پێشینەیەکی قوڵی هەیە بۆ سەرهەڵدانی، بەڵام ساتی سەرهەڵدان و ئەو روداوانەی ساتەوەختی سەرهەڵدانەکە رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە سەر سکێچ و شێوازی فۆرمەلەبونی فکری بزافەکە، واتە بیرو و بزافی ئیسلامی هاوکات بون لە سەرهەڵداندا، حەیسیاتی سەرهەڵدانی فکری ئیسلامی پەیوەست بوو بە شکستهێنانی فۆرمی دەسەڵاتی ئیسلامی. واتە دەسەڵات چەقی پێکهێنانی گوتاری ئیسلامی هاوچەرخەو سەرجەم گوتارەکانی ئیسلامی هاوچەرخ بە دەوری ئەو پنتەدا دەسورِێنەوەو هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکەوە سەیری دەسەڵات دەکات و تێزی دیاری دەکات، ئەویش دەگەرِێتەوە بۆ ئەو خوێندنەوە لە یەکجیاوازانەی کە بارودۆخ و واقعی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابوری و سیاسی کۆمەڵگا لە یەکیجاوازەکان پێکی هێناوە، ئیدی ئەم خوێندنەوە جۆراوجۆرانە تێزی جۆراو جۆری ئیسلامی لێکەوتوەتەوە، لە سەرەتادا پێشەوای شەهید (حسن البنا) هێڵە گشتیەکانی فکرو بزافی ئیسلامی رەنگرێژ کرد بۆ چۆنیەتی گۆڕان لە دەسەڵاتداو هەڵچنینەوەی مێژوو ئەزمونێکی نوێی ئیسلامی بەم شێوەوی خوارەوە سەرەتاکانی ئەزمونەکەو موفرەداتی بەرنامەی کار نەخشاند:

تاکی باوەڕدار ◄ خێزانی باوەڕدار ◄ کۆمەڵگای باوەڕدار(ئیسلامی) ◄ حکومەت (دەسەڵات) ئیسلامی

بە وردبونەوە لە برِگەکانی ئەم ستراتیژە بۆ گۆڕینی دەسەڵات و بەگەڕخستنی مێژووی نوێ دەردەکەوێت کە پێشەوا شەهید کۆمەڵگای کردۆتە مەرجەع بۆ پێکەوەنانی ئەم ئەزمونەو خێزانیش یەکەی سەرەتایی ئەو کۆمەڵگەیەو تاکەکانیش توخمی پێکهێنەری خێزانن، کۆی ئەمانەش لەو ئایەتەی قرئانەوە (ان الله لا يغير ما بقوم حتى يغير ما بأنفسهم)(١٨). سەرچاوەی گرتوە. واتە پرۆسەی گۆڕان لە دیدی قرئانیدا پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی و چیەتی ئەم پرۆسەیەش پەیوەستە بە ئاستی ژیانی کۆمەڵگاوە. بەپێی ستراتیژی نوێ بۆ پێکەوەنانی ئەزمونی نوێ پێویستە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی تۆکمەو بەهێز ئامادە بکەیت لە رێگەی ئامادەسازی تاك و یەکە کۆمەڵایەتیە سەرەکیەکانەوە بۆ ئەو ئەزمونە تازەیە. لێرەوە بزافی ئیسلامی لە هەنگاوە سەرەتایی و بەرایەکانی کاریدا بۆ گۆڕینی جۆرو ماهیەتی دەسەڵات دەست دەکات بە پەخش کردنی مەفاهیم و قیەمێکی نوێی ئیسلامی کە ماهیەت و جۆری مرۆڤەکان دەگۆڕێت کە بە فراوان بونی پانتایەکانی ئەم گۆڕانە فەزایەکی نوێی کۆمەڵایەتی فەراهەم دێت رێخۆشکەر دەبێت بۆ گۆڕان لە دەسەڵاتدا، واتە کاتێك بزافی ئیسلامی هەنگاوی یەکەم بە پەروەردەکردنی تاك و

ناساندنی مەفاهیمە ئیسلامیەکان بەتاکەکان و دارشتنەوەی عــەقڵ و ئـیرادەو سـایکۆلۆژیەتیان بـە پیێ ئەو مەفاهیمە ئیسلامیانە دەست پیێ دەکـات و دیدگـاو سیسـتمەکانی ژیانیـان دەگۆرێـت ئـەوا بناغەکانی گۆرانی دەسەلات دادەرێژێ پایەکانی دەسەلاتی نویێ لـە دڵ و دەرون و نـاخ تاکـەکاندا دەچەسپێنێت و هەر لەم سۆنگەوەیە پێشەوا (حسن الهضیبی) دەفەرموێت بە برایان (اقیموا دولـة الاسلام في قلوبكم، تقام على ارضكم) هەر گۆرانێك لە روبـەرەکانی نـاوەوەی مرۆڤەکانـەوە دەست پیێنەکات ئەوا گۆرانێکی روکەش و تەمەن کورتەو ناتوانێت گۆرانیێ:ی نەوعی لە ژیان و دەســەلاتدا ئەنجام بدات. لەم قۆناغەدا گوتاری ئیسلامی گوتارێکی پەروەردەیی ئەخلاقیەو بەناخی تاکــەکاندا دەچێتە خواریێ بە مەبەستی ئامادەکردنیان بۆ ئەرکە نوێکانی ژیانیان، دواتر بە پێی بەرزبونەوەی ئاستی ئەم قۆناغـەو چەسپاندنی پایـەکانی، گوتـارە ئیسـلامیەکە گۆرانـی بەسـەردا دێت و زیتـار ئاراستەی دیاردە کۆمەلایەتیەکان دەکرێت وەك دەرهاویشتەی بەریەککەوتن و سلوکی مرۆڤـەکان و ئاسـەواری خراپـی دەسـەلات لەسـەر کۆمـەلگا، پاشـان برگـەکانی گوتــار ئاراســتەی پێکهاتــەو میکانیزمەکانیدەسەلات دەکرێت، ئەم پۆلێن کردن و قۆناغبەندی کردنەی فکر ئیسلامی هاوچــەرخ بۆ پرۆسەی گۆران هەندێك جار والێکدەدرێتەوە کە ئیسلامیەکان سەرەتا پــەروەردەی ئیسـلامی و بانگەوازی ئیسلامی ئیستغلال دەکـەن بـۆ داوا سیاسـیەکانیان یـان ئامانجـە سیاسـیەکانیان لـەناو بانگەوازە ئیسلامیەکەدا دەشارنەوەو ئیسلام دەکەنــە دەمـامکێك بـۆ ئامـانجی سیاسـیان، بیێئاگـا لەوەی کە سەرەتاکانی گۆرینی دەسەلات لە دیدی ئیسلامیدا لە ناخی تاکەوە دەست پیێ دەکات و دواتر بازنەکانی فراوان دەبن هەتاکو تەواوی پێکهاتەو ئۆرگان و دیاردەکان دەگرێتـەو لەگـەڵ هـەر قۆناغ و ئاستێك ئامرازو میکانیزم و ستراتیژو پێکهاتەی نویێ دەگرنە بەر. بەلام بـە سـەرنجدان لـە مێژوی فکرو بزافی ئیسلامی هاوچەرخ دەردەکەوێت کە تێزی ئیسلامی لە هەندێك قۆناغی مێژوییدا کەوتۆتــە حالّــەتی دژوارەوە کەویســتویەتی ســەرلەنویێ خۆیــی پێناســە بکاتــەوەو لــــەم خۆپێناسەکردنەوەیەدا ئاراستەو پێگەو هەندەسیەتی کاری گۆریــوە و پنتـی دەسبەکاربونیشـی لیێ گۆراوەو هەلوێستی دابران لە کۆمەلگ دەگرێت لە کاتێکدا کۆمەلگا مەرجەعی بەرهەمهێنانی فۆرمی دەسەلاتەو لێرەوە بزافەکە خۆی دەکەوێتە وشکردنی چاوگەکانی بەرهەمهێنانی فۆرمـی دەسـەلات یــان چاوگــەکانی بەرهەومــهێنانی دەگۆرێـت لــە کۆمــەلگای خۆیــەو دەچێتــە ســەر ئــەزمومی کۆمەلگایەکی ترو دەیکاتە چەقی شێوەگرتنی فۆرمی دەسەلاتی. ئـەم حالّەتـەش دەگەرێتـەوە بـۆ ئەو شالاوە فکریو ئەندێشە سیاسیەی ناوچەکەی گرتبوەو هەریەك لەو ئەندێشە سیاسـیانەش بـە کرچ و کالّی گەیشتبونە ناوچەکەو هەریەکەیان لەناو کۆمەلگاکانی خۆیاندا چەندین کێشەو گرفتیان هەبوە، ئەم ئەندێشە سیاسیە گرفتاریو کرچ و کالانە بونەتـە ئـەو پارادایمـەی کـە لـە روانگەیـەوە هـێزە سیاسـی و کۆمەلایەتیـەکان پێکهاتـەی فکـریو سیاسـی خۆیانیـان رێکسـختوەتەوەو ئیــدی کاریگەری نێگەتیفیانە بە قولایی ئەو گروپانەدا شۆر بوەتەوە هەتاکو پێکهاتەو ناوەرۆك و بونیادو ئاراستەیانی گۆریوەو تێزو فۆرمێکی دەسەلاتی شێواوی بەرهەمهێناوە. هەرکاتێك لەهەر قۆناغێکدا ئەزمون و فۆرمەکان هەلقولاوی کۆمەلگا نەبوبێت و کۆمەلگا نەکرابێتـە مەرجـەعی دەسـەلات، لـەو شوێن و کاتەدا ئەزمون و هەولّەکان گۆرینی دەسەلات شکستیان خواردوە چونکـە دژ هاتنـەوەبوە لەگەڵ ئەو رێسا کۆمەلایەتیەی گۆران کە پەروەردگار دایرشتوە (ان الله لا يغير ما بقوم حتى يغيروا ما بأنفسم). لـێرەدا ئـەوەی جێگـەی ئامـاژە پـیێکردن بێـت مەسـەلەی کاریگـەری مێـژووە لەسـەر

کۆمەڵگا، واتە کاتێك کۆمەڵگا درێژکراوەی قۆناغـە رابردوەکانیـەتی و سـەرجەم سیستم و دیدگاو پێوەرە پێشینەکان ئاسەواری قوڵیان لەسەر ناخ و پێکهاتەی تاکەکان بەجێهێشتوەو ئامادەییان هەیە لـە ژیـانی رۆژانـەیاندا و ئیسـتایاندا پەیوەسـتە بـە رابردوویانـەوەو خەیالگـەو نەسـتیان وێناکـەرەوەی دوێنـی کۆمەڵگـەن؟ ئایـا بزافـی ئیسـلامی کـاتێك کۆمـەڵگا دەکاتـە مەرجـەعی بەرهەمهێنانی فۆرمی دەسەلات و کۆمەڵگاش هەڵگری هەمان سیستم و روانگەو عەقلیـەت بێت کە ئەو فۆرمەی دەسەلات بەرهەمهێنا کە تواناى لەخۆگرتنی ئەم ژیانەی ئیستا نییە؟ کاتێك کۆمەڵگا بەم واقعەیەوە دەکرێتەوە مەرجـەع لەلایـەن بزافـی ئیسـلامیەوە بـۆ مەبەسـتی بەرهەمهێنانـەوەی هەمان فۆرمی پێشوە؟ یان بەرنامەی کاری چییە بـۆ تێپـەڕاندنی ئـە ئاسـەوارو وێنـە رابردووانـە؟ ئەمە ئەو ئیشکالیەتەیە کە هەندێك جار بزاف و و فکری ئیسلامی تێکەوتەوەو بەمەبەستی رێگرتن لە نەیارەکانی ئەولەویاتی لێ گۆڕاوە یان رونتر بلێم نەیارەکانی توانیویانە گۆڕەپانەکەی پێ بگۆڕن و پەلکێشی بکەنە ناو گۆڕەپانێکەوە کە ئەولەویات و موفرەداتی کارکردنی جیاوازەو لەبری ئەوەی کار لەسەر ئەساس بونیادی دەسەلات بکات چوەتە ناو فەزای دەسەلاتەوە بە پێگەیـەکی لاوازەوە ئیـتر لـێرەوە پـرۆژەو گوتـاری دەسـەلاتی بزافەکـە دوبارەکردنـــەوەی فۆرمـــە مێژوییەکـە بـوە بەمەبەستی بەدەست هێنانی رای جەماوەر، هەندێك جـار لـە پـاڵ وێناکردنـەوەی فۆرمـە مێژویـی ئیسـلامیەکەدا هـەوڵی جێگردنـەوەی وێنـە نوێکـانی دەسـەلات دەدات لــەناو فۆرمــە مێژویەکــەدا بەمەبەستی جێی خۆکردنەوە لەناو ئەو فەزا سیاسیەدا. ئەمە ئەو تەڵزگەیە کە لە هـەندێك شـوێندا باڵەکانی ناو بزافـی ئیسـلامی تێـێ کـەوتوە. بـەلام پێشـەوای شـەهید هـەر لـە سـەرەتاوە لەگـەڵ دیاریکردنی هێڵە گشـتی و ئاراسـتەی جوڵـەی بزافەکـەدا، بیست بنـەمای دیـاریکردن بەمەبەسـتی کارکردن لەسەر عەقڵیەت و نەست و خەیالگـە کۆمـەڵگاو ئامادەکردنیـان بـۆ پێکـهێنانی فەزایـەکی نوێی کۆمەلایەتی کە ببێتە مایەی فەراهەمهێنانی فەزایـەکی نوێـی سیاسـی، واتـە ئیشـکردن لـەناو کایە کۆمەلایەتیەکەدا بەو شێوەی بتوانێت ئاساری بەرهەم و قۆناغە رابردووەکان لەسـەر زهنیـەت و خەیالگـەی کۆمـەڵگا نەیـهێڵێت، دیـارە ئـەم جـۆرە کارکردنـەو سـتراتیژە نەفەسـێکی درێـژو عەقڵیەتێکی دوربین و روئیایەکی رون و قوربانیدانێکی زۆری دەوێت، بـەلام دروسـترین رێبـازە بـۆ گۆڕینی دەسەلات لە رەگەوە بەشێوەیەك فۆرمێکی نەوعی جیاوازمـان بـۆ پێـك دێت. ئەمـە ئـەوە ناگەیەنێت کە ئیسلامخوازان تەنها دەبێت کار لەسـەر هـەل و مـەرجی زاتـی بکـەن بـۆ ئـەو جـۆرە گۆڕانە، نەخێر بەڵکو پێویستە هاوکات لەگەڵ ئەو جۆرە کارکردنەدا کار لە سـازدانی هـەل و مـەرج بابەتیەکە بکەن بۆ ئەو گۆڕانە، چونکە ئەگەر هەر پرۆژەیەك هەل و مەرجی بابـەتی گونجـاو نـەبوو بۆ تەتبیق کردنی ئەوا ناتوانرێت ئـەو پرۆژەیـە بهێنرێتـە حـەیزی بـون هەرچـەندە لـەوری زاتیـەوە ئامادەباشی تەواوی ببێت وە بە پێچەوانەشەوە، ئەمە دوو تەڵزگە بوە کە جارجار بزافی ئیسـلامی تێخزێنراوە. دیارە گرنگی کۆمەڵگا لەهەر پرۆسەیەکی گۆڕاندا دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی مرۆڤانەی، چونکە ئەوە مرۆڤەکانن سەرجەم شێوەو ئاسـتەکان ژیـان دەگـۆڕن بـە تـەواوی فـۆرم و پێکهاتـەو ئامرازەکانیەوە وە چەقی پێکهێنەری گوتاری قرئانیش مرۆڤەو بەرەو (کمال) بردنی مرۆڤە، بۆ ئەو مەبەستەش پەروەردگار ئیرادەو ئازادی و کەرامەتی مرۆڤـەکانی پاراسـتوەو پێشـێلکردنی لەلایـەن مرۆڤەوە بە بەمەبەستی ئاینیش بێت قەدەغە کراوە، ئیدی ئەم سێ رەگـەزە دەبنـە بنـەمای هـەر پرۆسەیەکی گۆڕان و پێکهێنەری هەر فۆرم و پێکهاتەیەك، بۆ سەرخستنی هەر پرۆسەیەکی گـۆڕان

و چەسپاندنی هەر فۆرم و پێکهاتەیەك پێویستە ئیرادەو ئازادی مرۆڤەکان رەچاو بگیرێت و سەرجەم بەربەستە ناوەکیەکان (خەیاڵگەو نەستی مرۆڤەکان) و دەرکیەکان لابرێن و هەر لەم سۆنگەوەیە لە ئیسلامیدا شەرعیەتی دەسەلاتدا سپێردراوە بە پابەندبونی دەسەلاتدار بە پەیامی خوداوە و ئیرادەی خەڵکی. پابەندبونی دەسەلاتدار بە پەیامی خوداوە فەرزکردن پەیامەکەی نی‌یە بەسەر خەڵکیدا بەڵکو جێبەجێکردنی رێنومانیەکانی پەیامەکەیە لە پاراستن و کەرامەت و ئازادیە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤەکان ئیتر هەر جۆرە بیروبۆچون و ئایدیایەکیان هەبێت، واتە خودی دەسەلاتدار دەبێت پەیوەست بێت بە ناوەرۆکی پەیامی خودایی بۆ بەرەو پێش بردنی ئاستی ژیانی کۆمەڵگا لە رێگەی بەرەو کەماڵ بردنی مرۆڤەکانەوەو ئومەتیش (کۆمەڵگا) رەزامەندی لەسەر ئەو حاڵەتە دەربڕێت. دیارە پرۆسەی بەرو کەمال بردنیش لە رێگەی گۆڕینی بەردەوامی ئەو سیستم و روانگەوەیە کە پێکهێنەری نەست و خەیالگەی مرۆڤەکانە چونکە گۆڕینی ئاستی و ناخی مرۆڤەکان پەیوەستە بە زهنیەت و خەیالگەو سایکۆلۆژیەتی مرۆڤەکانەوەو فۆرمەکانیش نمایشکەری ئاستی گەشەی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایەن. لەم روانگەوەیە کۆمەڵگا دەکرێتە پایەیەکی پێکهێنەری دەسەلات لە دیدگای ئیسلامی‌داو بزافی ئیسلامیش بەجیاوازی تایبەتمەندی کۆمەڵگاکان فۆرمی جۆراوجۆری دەسەلاتی پێك هێناوەو بە ئیستقراکردن و خوێندنەوەی ئەدەبیاتی بزاغی ئیسلامی دەردەکەوێت کە دیدگای فکرو بزافی ئیسلامی لە کۆمەڵگاوە سەرچاوە گرتووە و کۆمەڵگا هۆکارو مەرجەعی فۆرمە لە یەکجیاوازەکانیەتی. واتە بزافی ئیسلامی لە روانگەی دوایەمین گۆڕانکاری‌و ئاڵوگۆڕی سەنتەرەکانی هێزو بالاترین ئاستەکانی گەشەی کۆمەڵگاو نوێترین پێکهاتەو دامەزراوەکانی کۆمەڵەو لەگەڵ پاراستنی تازەترین دەسکەوتەکانی کۆمەڵگا بۆ گۆڕینی ماهیەت و چونایەتی دەسەلات و بەرهەمهێنانی فۆرمێکی بالای دەسەلات کە حاڵەتە نوێکانی کۆمەڵگا لە خۆبگرێت و قەیرانەکانی تێپەڕێنێت و لەسەر ئەم جەستە نوێیەی کۆمەڵگا ئەزمونێکی تازە هەلچنێ و مێژوویەکی نوێ بەگەڕ بخات.

## پەراوێزو سەرچاوەكان

١–نحن و التراث، ل (٢٠) د. محمد عابد الجابري
٢–العقل السياسي العربي، ل (٢٢)، د. محمد عابد الجابرى
٣–هەمان سەرچاوە.
٤–هەمان سەرچاوە.
٥–هەمان سەرچاوە.
٦–مەبەست لە مێژو لێرەدا مێژوی سیاسی ئەو كۆمەڵگایە، لەسەر ئەو ئەساسەی مێژووی سیاسی چڕكەرەوەو كۆكەرەوەو پیشاندانی سەرجەم بوارەكانی تریكۆمەڵگایە.
٧–مەبەست لە ئاینی مەسیحیە.
٨–رەهەند (٩–١٠)/ ٢٠٠٠ سەدەی ناسیونالیزم– بەختیار عەلی.
٩–العقل السياسي العربى، د. محمد عابد الجابري.
١٠–ابن حزم (المفاضلة بين الصحابة). ئەم گوتە زایەی ابن حزم لە (معركة المصطلحات بين الغرب و الاسـلام) ص ٧٩، د. محمد عمارە وەرگیراوە.
١١–لە كتێبی (العقيدة و السياسة)ی لۆی صافی وەرگیراوە، ص ١٢٩.
١٢–هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩.
١٣–مەرجەكانی ئەهلی ئیختیار لە (احكام السلطانية) ل ٥، ماوردی دیاری دەكات ئەمانەن:
أ–العدالة الجامعة لشروطها.
ب–العلم الذي يتوصل المعرفة من يستحق الأمانة.
١٤–لە كتێبی (العقيدة و السياسة) لۆی صافی، ل ٢٥ وەرگیراوە.
١٥–هەمان سەرچاوە، ل ٢٩.
١٦–هەمان سەرچاوە.
١٧–لە كتێبی الجماعة و المجتمع و الدولة، ل ٣٨١، د. رضوان السيد وەرگیراوە.
١٨–سورەتی (الرعد) ئایەتی ١١.